**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٧

سالّی٢٠٠١ ـ بەرگی بیست و حەوت

---

چاپی یەکەم /٢٠٠٢

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێک پێنج شەممە ٢٠/٩/٢٠٠١ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک، یەک شەممە ٢٣/٩/٢٠٠١ ل١٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو، دوو شەممە ٢٤/٩/٢٠٠١ ل٥١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ، یەک شەممە ٧/١٠/٢٠٠١ ل٦٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار، دوو شەممە ٨/١٠/٢٠٠١ ل٩٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج، سێ شەممە ٩/١٠/٢٠٠١ ل١٤١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش، چوار شەممە ١٠/١٠/٢٠٠١ ل١٦٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت، یەک شەممە ٢١/١٠/٢٠٠١ ل٢٢٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت، دوو شەممە ٢٢/١٠/٢٠٠١ ل٢٦٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ، سێ شەممە ٢٣/١٠/٢٠٠١ ل٣٢٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە، چوار شەممە ٢٤/١٠/٢٠٠١ ل٣٥٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە، پێنج شەممە ٢٥/١٠/٢٠٠١ ل٤٢٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە، یەک شەممە ٤/١١/٢٠٠١ ل٤٦٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە، دوو شەممە ٥/١١/٢٠٠١ ل٤٧١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (۱)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ۲۰۰۱/۹/۲۳

کاتژمێر (۱۰)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ۲۰۰۱/۹/۲۳ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (یەکەم)ی خولی دووەمی، ساڵی (۲۰۰۱)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(۱)ی مادده(۲۰) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (۱)ی هەموار کراوی ساڵی (۱۹۹۲)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (یەکەم)ی خۆی لە کاتژمێر (۱۰)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ۲۰۰۱/۹/۲۳ دا بەم شێوەیە بێت:

۱ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای ڕێکخراوەکوردستانییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە وفریاکەوتن لە هەرێمی کورستانی عێراق.

۲ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە دەسەڵاتدان بە ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ عەفوکردنی حوکمدراوەکان بەلێبوردنێکی تایبەت.

۳ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دیارکردنی تەمەنی بەرپرسیتی جنائی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٤ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای سندوقی خانەنشینی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٥ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی ددانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٦ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

۷ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری تەملیک کردنی ئەو زەویە میرییانەی کە تجاوزیان لەسەر کراوە بە بینا لەسەر دروست کردن تاوەکو ۲۰۰۱/۱/۱ بەسەرپێچیکەران لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان وبەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە(یەک)ی خولی

دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین. بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی حەوت پرۆژەی یاسایی حەوت خاڵیشە بۆیە تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بفەرمووێت بۆ خوێندنەوە.فەرموو:

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیخوێنمەوە پرۆژەی یاسای ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەو فریاکەوتنە وەکو خوێندەنەوەی یەکەم.

مشروع

(قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية)

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

١ـ الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزارة: وزارة الداخلية.

٣ـ الوزير: وزير الداخلية.

٤ـ المنظمة: اية منظمة كوردستانية للاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية ذات النفع العام.

الفصل الاول

التأسيس

المادة الثانية:

١ـ المنظمة هيئة غير حكومية مستقلة مكونة من عدة اشخاص طبيعية و تنشأ لتحقيق اهدافها في مجالات الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم.

٢ـ تتمتع بالشخصية المعنوية ولها تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة لتحقيق اغراضها المنصوص عليها في هذا القانون.

٣ـ يجوز للمنظمة العمل في مجال النشاطات الانسانية خارج الاقليم بعد حصول موافقة الوزير.

٤ـ لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها.

المادة الثالثة:

يمثل المنظمة امام المحاكم و الجهات الرسمية وغير الرسمية رئيسها او من يخوله.

المادة الرابعة:
يشترط لتأسيس المنظمة ما يلي:
١ـ تقديم طلب الى وزير الداخلية موقع من اعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن خمسة اعضاء متمتعين بالاهلية القانونية على ان يرفق به نظامها الداخلي مشتملاً على البيانات التالية:
أـ اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.
ب ـ اسم كل عضو من الاعضاء ولقبه وجنسيته وعمره ومهنته ومحل اقامته ومؤهلاته العلمية.
ج ـ الموارد المالية للمنظمة ومصادرها.
د ـ الهيئات التي تمثل المنظمة وتقوم بادارتها و بيان اختصاصاتها وطرق اختيارها وانتهائها.
٢ـ ان يكون غرضها موضحاً و معلناً وان لا يتعارض مع النظام العام.
٣ـ على المنظمة تحقيق اغراضها بالوسائل المشروعة وفق احكام القوانين المرعية في الاقليم و ان لا تتعارض مع متطلبات نظام الحكم الفدرالي.
٤ـ ان لا تهدف الى بث الشقاق او التفرقة بين القوميات او الاديان او المذاهب المختلفة.
المادة الخامسة:
١ـ على وزير الداخلية البت في الطلب خلال مدة ستين يوماً من تاريخ تسجيله لدى الوزارة و في حالة عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية اعادته الى المؤسسين لأكمال النواقص، عندئذ يبدأ سريان مدة البت اعتباراً من تاريخ تسليم الطلب مجدداً.
٢ـ اذا رفض الوزير طلب التأسيس لأي سبب كان للاعضاء المؤسسين تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة خمسة عشر يوماً، من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتًا.
المادةالسادسة:
تحدد في النظام الداخلي للمنظمة الاحام المتعلقة بتنظيم شؤونها الادارية والمالية والفنية وكيفية اختيار منتسبيها و قبول اعضائها.
المادة السابعة:
على المنظمة مسك السجلات التالية على ان تكون مصدقة لدى دائرة الكاتب العدل.
١ـ سجل الاعضاء و(المنتسبين).
٢ـ سجل القرارات و محاضر الجلسات.
٣ـ سجل المشاريع
٤ـ سجل الحسابات
٥ـ سجل الاموال و الاثاث

## الفصل الثاني
## الاهداف والوسائل

المادة الثامنة: تهدف المنظمة الى تحقيق ما يلي:
١ـ المساهمة و التعاون في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم و خارجه بالتنسيق مع وزارتي الداخلية و المساعدات الانسانية و التعاون والوزارات المعنية الاخرى.
٢ـ التعاون مع المنظمات الاجنبية العاملة في الاقليم في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية.

المادة التاسعة:
تحقق المنظمة اهدافها بالوسائل التالية:
١ـ الموارد المالية المتاحة لها.
٢ـ التعاقد والدخول في المناقصات والمزايدات لتنفيذ مشاريع اعمار كوردستان.
٣ـ الاتصال باللاجئين والمغتربين من ابناء كوردستان و المقيمين في الخارج و تشجيعهم لاستثمار رؤوس اموالهم في مشاريع الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.
٤ـ الدعوة لعقد كونفرانسات داخلية ودولية لدراسة تطوير وتقديم المشاريع بهدف تحقيق اهدافها.
٥ـ من مقتضيات المصلحة العامة لحكومة الاقليم ان تساهم مع المنظمة لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم.

## الفصل الثالث
## مالية المنظمة

المادة العاشرة:
تتولى المنظمة إدارة اموالها من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وتنفيذها وفق النظام المحاسبي المعتمد لدى الدوائر الرسمية وتخضع حساباتها لتدقيق الرقابة المالية في الاقليم.

المادة الحادية عشرة:
تتكون مالية المنظمة من:
١ـ ما يساهم به الاعضاء.
٢ـ المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف من الافراد والجهات الاخرى.
٣ـ الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها.

المادة الثانية عشرة:
للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية او قبول المساعدات او التبرعات المادية او العينية من

الخارج واعلام وزارتي الداخلية والمساعدات الانسانية والتعاون بذلك.

المادة الثالثة عشرة:

على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند ضرورة .

١ـ التقرير المالي السنوي متضمناً الواردات والنفقات.

٢ـ تقرير سنوي مفصل عن خدماتها ومشاريعها في مجال الاغاثة والاعمار والنشاطات الانسانية والجهات المستفيدة منها.

٣ـ تقرير مبين فيه خططها وبرامجها للسنة المالية الجديدة في مجال الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

المادة الرابعة عشرة:

١ـ تعفى المنظمة من رسوم التأسيس ورسوم تصديق سجلاتها.

٣ـ تعفى المنظمة من جميع الضرائب والرسوم الكمركية المستحقة لتحقيق اهدافها وفق ضوابط محددة تصدرها رئاسة مجلس الوزراء او من يخوله.

المادة الخامسة عشرة:

للمنظمة وبعد موافقة الوزير ان تقرر حل المنظمة اودمجها في منظمة اخرى ذات اهداف مماثلة بموافقة اكثرية اعضائها، واذا كان قرار الوزير بالرفض يكون قابلاً للطعن امام الهيئة العامة لمحكمة تمييز الاقليم خلال(١٥) يوماً من تاريخ صدوره.

المادة السادسة عشرة:

يجوز حل المنظمة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة بعد اكتسابه درجة البتات بناء على طلب يقدم من قبل الوزير او من يخوله وذلك في الحالات التالية:

١ـ اذا مضى على تأسيس المنظمة سنة واحدة ولم تباشر اعمالها المنصوص عليها في نظامها، ما لم يكن التوقف لاسباب قاهرة.

٢ـ اذا خالفت في نشاطاتها الاهداف التي نشأت من اجلها.

٣ـ اذا اصبحت المنظمة عاجزة عن الوفاء بتعهداتها والتزاماتها المالية والقانونية

المادة السابعة عشرة:

اذا حلت المنظمة عين لها مصفي او اكثر يتم تعيينهم من قبل هيئاتها ان كان الحل اختيارياً او من قبل محكمة بداءة موقع المنظمة ان كان الحل قضائياً وتقوم المحكمة المذكورة بإجراءات وضع اليد فوراً ريثما تجري التصفية القانونية.

المادة الثامنةعشرة:

تكون قرارات محكمة البداءة في الحالات المنصوص عليها في المادتين(١٦و ١٧) من هذا القانون قابلة للطعن فيها امام الهيئة العامة لمحكمة تمييز الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لتاريخ التبليغ .

## احكام عامة

المادة التاسعة عشرة:

١ـ على المنظمات القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم واحكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نفاذه.

٢ـ تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

المادة العشرون:

لوزير الداخلية مقاضاة المنظمة وفق احكام هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى اذا نفذت مشاريعها خلافاً لالتزاماتها واتفاقاتها المبرمة في الداخل و خارج الاقليم.

المادة الحادية واالعشرون:

للمنظمة فتح فروع لها في محافظات الاقليم او خارجه بعد موافقة الوزير.

المادة الثانية والعشرون:

يتم تنظيم شؤون المنظمات الاجنبية المتواجدة في الاقليم بقانون خاص او بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

المادة الثالثة والعشرون:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الرابعة والعشرون:

لوزير الداخلية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة والعشرون:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

## الاسباب الموجبة

من مقتضيات مصلحة شعبنا و حقوقه المشروعة في ان تكون له منظمات في مجال الاغاثة والاعمار والتنمية وخاصة في المرحلة التي تمر بها تجربتنا الديمقراطية وبغية افساح المجال للمنظمات الكوردستانية للمساهمة من خلال تقديم خدمات ومشاريع ومساعدات لبناء الاقتصاد الوطني وللاستفادة من خبرات وطاقات كافة شرائح المجتمع وبناءاً على ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،پرۆژەی ئەم یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی ناوخۆ و پەیوەندییەكان و لیژنەی دارایی و لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوەو لیژنەی یاسایی دەكەین. فەموو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە راپۆرتی لیژنەکەتان پێیە وانییە ئێوەش بیخوێننەوە لەگەڵ ئێمە ئاگادارتان ئەکەم، لیژنەی یاسایی رای خۆتان بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەمە دەقی تێبینی ئێمەیە لەسەر پرۆژەکە:

**الى/رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم**

**م/رأي اللجنة**

كتابكم المرقم(ك/٦٣) في ٢٤/٩/٢٠٠١

اجتمعت اللجنة القانونية للنظر في مشروع قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية وبعد الدراسة والمناقشة فقد توصلنا الى مايلي بصدده:

١- إن المشروع المطروح للمناقشة تنقصه الديباجة المعتاد درجها في صدر المشاريع لذا تقترح صياغتها كالآتي:

«استناداً الى احكام الفقرة(ا) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي»:

المادة الخامسة:

تێبینیمان لەسەری هەیە ماددەی (٥):

إضافة فقرة ثالثة الى المادة ونقترح صياغتها كالآتي« في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة (ا) اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون».

**المادة التاسعة:**

فقرة (٤) نقترح إضافة عبارة (وبموافقة الجهات المختصة الى نهاية الفقرة).

**المادة العاشرة:**

ليست لدينا ملاحظات.

**المادة الحادية عشرة:**

ليست لدينا ملاحظات.

**المادة الثانية عشرة:**

صياغة المادة مجدداً وتكون كالآتي(للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية أو قبول المساعدات أو التبرعات المادية او العينية من الخارج وبموافقة حكومة الاقليم).

**المادة الثالثة عشرة:**

نقترح إضافة عبارة (الجهات المعنية) الى نهاية صدر المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەوە ڕای لیژنەی دارایی وئابوورییە:

**السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/رأي اللجنة**

تحيةً واحتراماً

اجتمعت لجنتنا بتاريخ ٢٤/٩/٢٠٠١ واطلعت على مشروع قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية.. وبعد دراسته ومناقشته توصلت اللجنة الى عرض المقترحات المدرجة أدناه:

١- عدم وجود الديباجة في بداية المشروع ومن الضروري كتابتها.

٢- المادة الثامنة {فقرة (١)} شطب كلمة (وزارتي) واضافة العبارة التالية (وزارات الاعمار والتنمية....الخ).

٣- المادة التاسعة {فقرة (٤)} حذف كلمة (دولية).

٤- المادة الحادية عشرة{فقرة (٢)} شطب كلمة (والاكتتابات).

٥- المادة الثانية عشرة حذف كلمة (والاعلام) واحلال العبارة التالية (بعد استحصال موافقة الجهات الرسمية) بدلاً منها.

٦- المادة الثالثة عشرة شطب (أو) واحلال حرف (و) بدلاً منها.

٧- الغاء المادة الرابعة عشرة بفقرتيها.

*مع فائق التقدير*

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، دەربارەی ماددەی پێنجەم پشتگیری لێ دەکەین و، ڕای لیژنەی یاسایی پەسەند ناکەین بە زیادکردنی بڕگەیەکی تر بۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تکایە.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەمە ڕای ئێمەیە.

**السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/رأي اللجنة**

اجتمعت لجنتنا يوم ١٨/١٠/٢٠٠١ وأطلعت على قانون المنظمات الكوردستانية للاعمار والاغاثة وبعد دراسة الموضوع نعرض المقترحات التالية:

١- إضافة ديباجة الى مقدمة القانون.
٢ـ المادة الرابعة: نفضل أن يكون شروط المنظمة الواردة بعد الفقرة الأولى كالآتي:
أـ أسم المنظمة والغرض من تنفيذها.
ب ـ يكون مركز إدارة المنظمة في الاقليم.
ويليها الفقرات الاخرى (ج، د، هـ).
٣ـ المادة الخامسة: تغير كلمة(أو) الواردة فيها بعد لدى الوزارة بـ (و).
٤ـ لم نلاحظ في الباب الاول التأسيس أية مادة تخص شروط العضوية.
٥ـ المادة التاسعة: فقرة (٤) إضافة عبارة (وبموافقة الجهات المختصة) الى نهاية الفقرة.
٦ـ صياغة الفقرة (٥) من المادة الخامسة بالشكل الآتي:
(لحكومة الاقليم وبناءا على مقتضيات المصلحة العامة أن تساهم او تشارك لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم).
٧ـ المادة الحادية عشرة: الفقرة (٢) نقترح حذف كلمة(الوقف)منها.
٨ـ المادة الثانية عشرة: تبديل كلمة(أو) الواردة فيها بـ (و)و تبديل كلمة (اعلام)بـ (بموافقة).
٩ـ المادة الثالثة عشرة: إضافة (الى الجهات المختصة) بعد عبارة عند الضرورة.
١٠ـ الخامسة عشرة: إضافة عبارة (ويكون قرار محكمة التمييز باتاً) الى نهاية المادة.
١١ـ المادة السادسة عشرة: إعادة صياغة المادة كما يلي:
(لوزير الداخلية او من يخوله الطلب من محكمة بداءة محل المنظمة بحل المنظمة في الحالات التالية).
١٢ـ المادة السادسة والعشرون: (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان). مع الشكر والتقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی رۆشنبیریی وپەیوەندیەکان تکایە راتان.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ب/رای لیژنە**

نووسراوتان ژمارە(ک/٦٣)لە رۆژی ٢٠٠١/٩/٢٤ دا

لەسەر پرۆژەی یاسای رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەو فریاکەوتن..

لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی کرد لە رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٧ بۆ وانە کردن و لێکۆڵینەوە لەسەر پرۆژەکە و، ئەمەی خوارەوە دەقی ئاکامی کۆبوونەوەکەیە.

ئەحمەد سالار عبدالواحد
سەرۆکی لیژنە

## «قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية»

**المادة الاولى:** تێبینیمان لەسەر بڕگە«٣» هەیە کە وەزارەتی مرۆڤایەتی پەیوەند بکرێ لەگەڵیدا..
**المادة الثانية:** بڕگە«٣»موافقة الوزير بکرێت بە(الجهات ذات العلاقة)..
بڕگە«٤» زیادەیە ولابـبـردرێت، چونکە لە مـاددە«١»بڕگـە«٤»هاتووە(ذات الـنـفـع العام)..
**المادة الثالثة:** تێبینیمان نییە.
**المادة الرابعة:** بڕگە«٤» پێویست بەم بڕگەیە ناکات ولابـبردرێت..
**المادة الخامسة:** بڕگە«١» بە«٣٠»ڕۆژ،[لە یاسای جمعیات داهاتووە ماددە«٨»بڕگە«١»]
**المادة السادسة:** تێبینیمان نییە.
**المادة السـابـعـة:** ئەم ماددەیە پێویست بە بوونی ناکات، چونکە ئەحکامی مـاددە«٦»ی سەرەوە ئەیگرێتەوە..
**المادة الثامنة:** بڕگە«٢»ئەم ڕستەیەی بخرێتە سەر(وفق أحكام هذا القانون).
**المادة التـاسـعـة:** بڕگە«٣» ئەم ڕسـتەیە بخرێـتە سەر(بالتنسـيق والتـعـاون مع وزارة المسـاعدات والشؤون الانسانية)..
بڕگە«٤»هەمان ڕستەی پێشووی بخرێتە سەر(بالتنسيق والتعاون مع وزارة المساعدات والشؤون الانسانية)..
**المادة العاشرة:** تێبینیمان نییە.
**المادة الحادية عشرة:** تێبینیمان نییە.
**المادة الثانية عشرة:** لەجیاتی وشەی (إعلام) بکرێت بە(وذلك بالتنسيق مع... الخ).
**المادة الثـالثة عـشرة:** تلغى عبارة أو عند الضرورة.. واتـە(على المنظمة تقديم التقارير التـالية في نهاية كل سنة مالية الى الجهات المعنية)..
بڕگە«٣»بکرێت بە(تقرير مبين فيه خططها وبرامجها للسنة المالية الجديدة)..
**المادة الرابعة عشرة:** تێبینیمان نییە.
**المادة الخامسـة عشرة:** داڕشتنەکەی ئاوای لێ بێت:(للمنظمة وبموافقة ثلثي أعضائها وبعد موافقة الوزير أن تقـرر حل المنظمـة أو دمجـها مع منظمـة أخرى ذات طبـيعـة مماثلة، وفي حالة رفض الوزير يكون قراره قابلاً للطعن أمام الهيئة العامـة لمحكمـة تمييـز الاقليم خلال (١٥) يوماً من

تأريخ صدوره).

**المادة السادسة عشرة:** تێبینیمان نییە..

**المادة السابعة عشرة:** بكرێت بە دوو برگە، برگەی یەكەم وەک خۆی بمێنێتەوە.

برگەی دووەم: يتم توزيع ممتلكات المنظمة وفقاً لنظامها الداخلي، فإن لم يوجد نص واضح في النظام حينئذ يجري تحويل أموال وممتلكات المنظمة المنحلة الى المنظمة أو المنظمات التي يكون غرضها هو الاقرب الى قانون هذه المنظمة، أو أية جهة أخرى يعينها الوزير..

**المادة الثامنة عشرة:** تێبینیمان نییە.

**المادة التاسعة عشرة:** تێبینیمان نییە.

**المادة العشرون:** تێبینیمان نییە.

**المادة الحادية والعشرون:** موافقة الوزير زیادەیە..

**المادة الثانيتو العشرون:** تێبینیمان نییە.

**المادة الثالثة والعشرون:** تێبینیمان نییە.

**المادة الرابعة والعشرون:** تێبینیمان نییە.

**المادة الخامسة والعشرون:** تێبینیمان نییە.

**المادة السادسة والعشرون:** تێبینیمان نییە..

لەگەڵ رێزماندا

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پرۆژەكە ماددە بە ماددە دەست پێ دەكەین ئەگەر وەزیرە بەڕێزەكان هەر تێبینیەكیان هەبێت ئیشارەتەكمان بدەنێ بۆ ئەوە مەجالی قسەیان پێ بدرێت لە كاتی پێویست. پێش ئەوەی دەست بە ماددەی یەكەم بكەین دیباجەكە پێویستە جا ئەگەر لیژنەی یاسایی دەستی پێ بكەن باسی دیباجەكەمان بۆ بكەن فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، دیباجەكە بەم شێوەیە دەبێت:

بسم الله الرحمان الرحيم

بسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضة مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي:

قانون المنظمات للاغاثة والاعمار رقم (     ) لسنة ٢٠٠١

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینینتان هەیە لە سەری وەک حکومەت لە سەر ئەو دیباجەیە فەرموو وەزیری پەروەردە كاك عبدالعزیز وەزیری ئاوەدان كردنەوە بە وەكالەت.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، لە راستی یاسای رێكخراوە كوردستانیەكان بە رای من پێویست دەكات لە بدایەتی راپەرین تاكو ئەمرۆش تا ئێستاش ئەم زرووره ماوە پێویستە ئێمە چوارچێوەیەک بۆ رێكخراوی ناوخۆ بێتە دانان چونكە بەراستی دەورێكی یەكجار زۆری دی دوای راپەرین لە ئاوەدان كردنی كوردستاندا، بەڵام لای من گازەندە ئەوەیە چۆن چوارچێوەیەكی یاسایی لێرە بۆ كارێكی ئەوها نەبووە منیش لەبەر هەندێ وەک ئەنجومەنی وەزیران یاسایەک هەبێت بۆ كاروباری رێكخراوەكان وچوارچێوەیەكی یاسایی بۆ بێتە دروستكردن وپشتی گفتوگۆیەكی دوورو درێژ هاتە كرن ئەڤ پرۆژەیە كە ئەمرۆ لە بەر دەستی جەنابتە ئومێد دەكەین بێتە روونكردنەوە تا بكەوتە بەر چوارچێوەی یاسایی دروست، چونكە ئێمە چیمان لە رێكخراوەكان ئەوێ ئێمە دەمانەوێ: یەكەم: لە چوارچێوەی یاسایەک كاری خۆیان بكەن. دووەم: شەفافیەت لە كاری ئێوە هەبێت. سێ: قەزایای دارایی دیاربێت. بەڕای من ئەوە زۆر زۆر گرنگ بووە وجێی یاسایە دە رعایەی چەندین مەسائل هەمووی هاتە كرن، خاڵێک هەبوو لە رای لیژنەی دارایی كە دەڵێ: مادده (١٤) نەمێنێت بەرای من ئەم مادده بمێنێ وەكو خۆی باشترە چونكە پێویستە ئەو لایەنە تەبەروعەكان ئەوەی دەرەوە كاتێ پارەی دەنێرێت یان سەیارەیەک دەنێرێت كە تەبەروعە بۆ كوردستان، ئەگەر تۆزێک پابەندی بكەی بۆ مەسائلی زەرائب لەوانەیە كار بكاتە سەر هاتنەوەیان دێتەكرن. لایەنەكی تر خاڵی دووەم معالەجەی هەندێ مەسەلەی كردووە وەكو ئەبێ رێكخراوەكان ئیستغلالی ئەو موقعە نەكەن هەموو شتێ دەربازبكەن بێ زەرائب. خاڵی دووەم:(( تعفى المنظمة من جميع الضرائب والرسوم الكومركية المستحقة لتحقيق اهدافها وفق ضوابط محددة تصدرها رئاسة مجلس الوزراء أو من تخوله)) مانای لەم خاڵە بۆی دیاری بكەن هەندێ لە رێكخراوەكان چ سوود لەم برگەیە وەردەگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك عبدالعزیز طیب، جا تكایە لەسەر دیباجەكە كێ تێبینی هەیە، تێبینی نییە جارێكی تر بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگدان تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، بەم شێوەیە دیباجەكە:

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضة مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ

/ /      تشريع القانون الاتي:
قانون المنظمات الكوردستانة غير الحكومية رقم (      ) لسنة ٢٠٠١

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە دیباجەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، دیباجەکە بەم شێوەی خوندرایەوە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی یەکەم تکایە

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

١ـ الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزارة: وزارة الداخلية.

٣ـ الوزير: وزير الداخلية.

٤ـ المنظمة: اية منظمة كوردستانية للاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية ذات النفع العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە پشتگیریی ماددەکە دەکەین بەڵام زیادکردنێکی بچوک دوای وشەی (الاعمار) وشەی (التنمیة) هەبێت چونکە اعمارو تنمیە زۆر هاوشێوەی یەکن کاتی ساڵی ١٩٩٤ ئەو نەدوە گەورەی لە برۆکسل کرا هەر بەناوی (الاعمار والتنمیة) بوو پەرەپێدان زەروریيە ئێمە لە گەڵ ماددەکەین بەڵام ئەم وشەیەش زیاد بکرێت چاکتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، هیچ تێبینیتان نییە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، مرۆڤایەتی پەیوەند بکرێ لە گەڵیدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامێکتان هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، وەکو لیژنەی یاسا لاریمان نییە لەوەی کە وشەی (التنمیة) زیادبکرێت هیچ گرفت نییە، بەڵام ئەوەی بەڕێز کاک ظاهر فەرمووی بابەتەکە پەیوەندار نییە بە وەزارەتی مرۆڤایەتی چونکە ڕێکخراوەکان کوردستانینە کێشەکانیان لە وەزارەتی ناوخۆیە وەکو ئەو ڕێکخراوە بیانیانە نین کە پەیوەندیان بە دەرەوە هەبێت بۆ ئەوەی ئاگاداریان بن خۆی لێرە دروست دەبێت ئیش وکاریشیان بە نیسبەت دەرەوەی هەرێم هەمووی ئەنجومەنی وەزیران ئاگادارە لە هەموو جێگایان وا گوتراوە ئەگەر هەر ئیش وکارێکی دەرەوەیان هەبێت بە ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیرانە لەبەر ئەوە وەزارەتی مرۆڤایەتی پەیوەست نییە بە بابەتەکەی، بەرای ئێمە پێویست ناکات بیلکێنین بە وەزارەتی مرۆڤایەتی بە سیفەتی ئەوەی لکێنراوە بە وەزارەتی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەمانە تێبینی هەیە، کاک امین مولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لە پێناسەی ڕێکخراو باشتر وایە بلێین ((المنظمة: اية منظمة كوردستانية غير الحكومية)) چونکە یاساکە پەیوەندیی هەیە بەو ڕێکخروانە تەنها، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر (التنمیة) هیچ رات نییە.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من لە گەڵ ئەوەم کە((التنمیة)) زیادبکرێت وسەبەبێکیش هەیە بۆچی، کە تەماشای بەشی دووەم بکەین دەبینین (الاهداف والوسائل) ماددەی (٩) برگە (٥) لاپەرە سێیە دەڵێ:((لمقتضيات المصلحة العامة لحكومة الاقليم ان تساهم مع المنظمة لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم)). مانای لێرە بەشێک لە کاری ڕێکخراو (المشاريع التنموية) دانراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وای بۆ دەچم کە لێرە کاری پەرەپێدان هی حکومەتە کاری ڕێکخراوان نییە.

**بەڕێز ابراهیم سـعـیـد مـحـمـد:**

ئینجا ئەوە لێرە مانای ئاسانکاری لەگەڵ بکرێت ئەگەر ئەم بڕگەیە مانای ئەوەیە دەبێ (التنمیة) لە پێناسەکە زیادبکرێت ئەگەر ئەم بڕگەیە نەما دەمێنێ (الاعمار والنشاطات الانسانیة) و، زۆر زەروریبیە کە ڕێکخراو پێناسە بکرێتن جارێکی تر وەکو کاک امین گوتی با بە تەواوی بێت غیر حکومیەکە زەروریبە زیادبکرێت، تێبینیەکی تر، هەیە گشتییە ئەوە باری یاسایی وشێوەی کاری ڕێکخـراوی (HJO)ی سویسری بە دەستم کەوتووە مانای وەکو شەرحێک نازانم ئەگەر ڕێکخراوی (HJO)ی دەوڵەتانی تر ئەگەر بە دەستتان کەوتبا بە عەرەبیەکەی ڕەنگە ئەو پرۆژەیە دەوڵەمەنتر دەبوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جارێ ئەم پرۆژەیەمان لەبەر دەستایە ولە لایەن حکومەتەوە دیراسەت کراوە لیژنەکانی پەرلەمانیش دیراسەتیان کردوە لە جێبەجێ کردنیش هەر وەختێک پێویستی کرد کە چاک بکرێت وباشتر بکرێت ئەوا مەجال کراوەیە، بەڕێز کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عـبـدالخـالق مـحـمـد رشـیـد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لە بڕگەی چوار کە شەرحی ڕێکخراو دەکرێت پێم باشە ئەمە هەندێ روون تر بێت لەبەر ئەوەی لە یاسای ئەحزابیش ئەمە ئیشکالێکی بۆمان پەیا کرد هەندێ ڕێکخراوی عێراقی هەیە لقیان هەیە لە کوردستان ئەڵێن ئێمە ڕێکخراوێکی کوردستانی نین یان ئێمە حزبێکی کوردستانی نین لەبەر ئەوە حەقیاندا بەخۆیان مەقەراتیان کردەوە لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم بابەتە کە لە یاسای ئەحزاب، نازانم من لەگەڵ ئەوەم تەعدیل بکرێت ئەم مەسەلەی ڕێکخراوی کوردستانی ئەو ڕێکخراوانەی عێراقین کە لقیان لە کوردستان هەیە هەندێکی بەناوی پزیشکی یە، هەندێکی بەناوی یارمەتی، هەندێکی بەناوی موستەشفەیات، ئەو شتانەمان بۆ دەکاتەوە لەبەر ئەوە بە رای من با روون بێت وجارێک مەجال نەدەن بۆ ئەو کەسانە بە ئارەزووی خۆیان لەناو کوردستان ڕێکخراو دروست کەن لەژێر یاسای ئێمەو ئیعترافیش بە فدرالیەتەکەمان ناکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک احمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احـمـد سـالار عـبـدالواحـد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بە باشی ئەزانین کە وەزارەتی مرۆڤایەتی لەوێ ناوی بێت وپێوەی پەیوەست بکرێت بەو بڕگەیەوە هەر چۆنێ ئەگەر سەیری ئەو بەشە بکەین کە تایبەتە بە وسائل واهدافەکانەوە چ لە یاساکەی وەزارەتی مرۆڤایەتی چ لەم پرۆژەیە پێشنیارکراوە هەر دوو یەکانگیردەبنەوە، بۆ نموونە لە چەند شوێنێکا لەم پرۆژەیە (نشاطات) هاتووە وەکو دەڵێ: ((فـي مجال النشاطات الانسانیة خارج الاقلیم)) لە کۆمەڵێ شوێن وەکو بڕگە سێی مادده دوو و، لە

هەندێ شوێن لەبەر ئەوە بوونی وەزارەتی مرۆڤایەتی رەنگە ئاسانکارو تەواوکەری کاری ئەم وەزارەتە بێت چونکە لە چوارچێوەی وەزارەتی مرۆڤایەتی زیاتر خۆی ئەبینێتەوە، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لە راستیدا هەندێ تێبینی چاک ئیشارەتی پێ درا یەکەمیان زیادکردنی غیر حکومی پێویستە چونکە رەوشتی ئەم رێکخراوانە دروشمیان غیر حکومیە بۆیە پێویستە، مەسەلەی (التنمية) ئەبێت گفتوگۆیەکی لەسەر بکەین بەراستی ئایا پەرەپێدان واجبی حکومەتە یان واجبی ئەم رێکخراوانەیە هەر چەندە هاوکار دەبن لە ماسائلی پەرەپێدان وەختێکیش مەسائلی پەرەپێدانەکە لە ژێر چاودێری حکومەت دابێ ئەبێ لەناو خوتتەی پەرەپێدان بێت ئەمانە پێویستن ناتوانین مانای یەک سەر واجبی پەرەپێدان بخەینە سەر شانی ئەو رێکخراوانە بەرای من، بەڵام قابیلە ببێت پاش ئەوە، بەرێزان ئەنجومەنی وەزیران هیچ تێبینیان هەیە کاک عبدالعزیز فەرموو. بە راستی پێویستە چارەسەری ئەو رێکخراوە عێراقیانەی کە لە کوردستانا ئیش دەکەن دەبێ ئیشارەتێکی روونیش بۆ ئەمە هەبێت ئەمە تێبینیەکی زۆر چاک بوو لە لایەن کاک عبدالخالق، فەرموو کاک عبدالعزیز.

**بەرێز عبدالعزیز طیب:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، من تێبینیەکم لەسەر (الاغاثة والتنمية) یان فریاکەوتن یان پەرەپێدان ئەگەر فریاکەوتن زیادکرا دەبێت پەرەپێدان لاببەین هەروەها ئەگەر پەرەپێدان زیادکرا دەبێ فریاکەوتن لاببەین بەرای من کاری رێکخراو فریاکەوتنی پێ بدرێت زۆر گرنگە مانای وایە گەلی ئێمە پێویستی هەیە، پێویستی بە کاری فریاکەوتنە، دەبێ پتر پشتگیری بکرێت راکێشی هەبێت هەر فریاکەوتنی پێ دەوێت، ئەگەر پەرەپێدان زیادکرا وا دەبینم وەکو لە زروفی مەش فریاکەوتن دەربکەن و پێویستیمان.بە پاڵپشتی نییە بەرای من وشەی فریاکەوتن بمێنێ وپەرەپێدان زیادنەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز حاکم سفر فەرموو.

**بەرێز سفر محمد حسین:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، بە نیسبەت برگە چواری مادده یەک ئەگەر وشەی پەرەپێدان زیادبکرت بە شتێکی رەوای دەزانین ودروستە، بەنسبەت لکاندنی وەزارەت هەندێ برادەران داوا دەکەن وەزارەتی یارمەتیدان یا ئەوەی راستی بێت ئێمە دەزانین راستە لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا ئەگەر بشبیت بەڵام بەزۆری لکاون بە وەزارەتی دەرەوە، بەس ئێمە وابزانم ئیمکانیەتی وەزارەتی مرۆڤایەتی دەزانین چەند کورتە. دەزگای وەزارەتی دەرەوەی جیهانی هەموو وەزارەتی پاراستن وابزانم وەزارەتی ئێمە نە ئەو شتەیان هەیە نە ئەو ئیمکانیەتەو نە ئەو دەزگایەی هەیە پێی

لکاوبێت، بەراستی ئێمە بە ئیعتبار ڕێکخراوی ئێمە زۆربەیان ئیشیان لەناو خۆیانە پێویستە چاودێری وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەم قۆناغە زۆر بەپێویست دەبینن بۆیە لکاوبێت بە وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلامی وەزارەتی مرۆڤایەتیتان دایەوە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەردەوام هەر هەمان رامان هەیە بێ گومان ئەم بابەتە پەیوەندیی بە مۆڵەتەوە هەیە وبە چالاکییەوە، مۆڵەتەکە لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگری چالاکییەکەشی لە ژێر رکێفی هەموو حکومەتە. دووەم ئەگەر لە دەرەوە چالاکیەکی هەبێت یان شتێک داوا بکات یان خەڵکێک بیداتێ ئەبێ بە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران شتەکە وەربگرێت مانای ناتوانێ هیچ شتێک وەربگرێت لە دەرەوە ئەگەر رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران یان لایەنێک نەبێت. لەبەر ئەوە وەزارەتی مرۆڤایەتی بێت و بێجگە لە مرۆڤایەتیش تەنها مەسەلە گرانکردنەو زیادکردنی ئیشە، پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە کە مۆڵەت بۆ هەڵسوکەوتیش لەگەڵ دەرەوە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا پەیوەندیی هەیە لەبەر ئەوە پێویست ناکات دوو وەزارەت لکێنراوبن بەم ڕێکخراوانە. بەرای ئێمە تەنها وەزارەتی ناوخۆ کافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیادکردنێک لەسەر ئەمە تێبینیەکم بۆ هاتووە کە روونیشە تێبینیەکە لە ماددەی هەشت ئاشکرا ئیشارەت بە دەوری وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی کراوە، چونکە ڕێکخراوی نا حکومیەکان تەنها لەگەڵ وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی ئیش ناکەن بەڵکو لەگەڵ ئاوەدان کردنەوەش ئیش دەکەن لەگەڵ ئەشغال ئیش دەکەن، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ئیش، دەکەن لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان ئیش دەکەن، لە کاتی زەرورەت نەبێت ناوی نەیەت باشترە. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان بە نیسبەت قسەکانی بەڕێزم کاک عبدالعزیز کە پشتگیریی لێ دەکەم لەبەر ئەو هۆکارانەی کە دیاری کرد بە نیسبەت فریاکەوتنەوە، دوو بە نیسبەت قسەکانی کاک عبدالخالق کە دەڵێ ئەو ڕێکخراوانەی کە لە دەرەوەن ولێرە لقیان هەیە. ئەگەر لێرە تەماشای مادده (١٩) بکەین دەڵێ:

١ـ على المنظمات القائمة تعديل أوضاعها بما ينسجم وأحكام هذا القانون خلال ستة أشهر من تأريخ نفاذه.

٢ـ تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

المادة العشرون:

لوزير الداخلية مقاضاة المنظمة وفق أحكام هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى اذا نفذت مشاريعها خلافاً لالتزاماتها واتفاقاتها المبرمة في الداخل و خارج الاقليم.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەوە بەرای من ئەگەر پەسەند کرا ئەو برگەیە لێرە ئەو بابەتەی کاک عبدالخالق ئیشارەتی پێ کرد حەل دەبێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شیروان لێرە پێناسەی ڕێکخراوە (منظمة کوردستانیة غیر حکومیة) پێناسەکەی پێشتر کردیتمان ئەگەر لە مادده (١٩) ئیشارەت نەدەین بۆ ڕێکخراوی کوردستانی وعێراقیە ئەوانەی کار دەکەن لە هەرێم، بۆ نمونە ئەتوانین لە مادده (١٩) ئیشارەتی پێ بدەین (على كافة المنظمات الكوردستانية والعراقية العاملة في الاقليم) ئەو وەختە چاک ئەبێت ئەو لایەنە ئەگیرێت، چونکە ئێمە پێناسەمان کردوە لە پێشا ئەبێت ئیشارەتیشی پێ بدەین لە یەکێک لە ماددەکان. چا تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە ماددەی یەکەم بەم شێوەیەی تەعدیلتان کردوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:
١- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.
٢- الوزارة: وزارة الداخلية.
٣- الوزير: وزير الداخلية.
٤- المنظمة: أية منظمة كوردستانية للاغاثة و الاعمار والتنمية والنشاطات الانسانية ذات النفع العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تریش بیخوێنەوە بە تەعدیلەوە تکایە بە ڕوونی تکایە چونکە ئەیدەینە دەنگ دانەوە تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون:
١- الاقليم: إقليم كوردستان العراق.
٢- الوزارة: وزارة الداخلية.
٣- الوزير: وزير الداخلية.
٤- المنظمة: أية منظمة كوردستانية غير حكومية للاغاثة و الاعمار والنشاطات الانسانية ذات النفع العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر زمانەوانییە تێبینیەکەت ئەبوایە زووتر بەڕێزت قسەت بکربایە ئێستا لە دەنگ دانە ئەگەر تێبینی زمانەوانیت هەیە بابدرێتە لیژنەی دارشتن ئەوان ئەیکەن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من تێبینیەکەم یەکەم لەسەر پێناسەکەی وەزارەت پێویست ناکات چونکە یەک جار هاتووە ئەویش لە برگە یەکی مادده (٥)دا هاتووە وەزارەتی ناوخۆ پێویست ناکات پێناسە بکرێت ئەوە یەک. دووەمیش: (اية منظمة كوردستانية غير الحكومية للاغاثة و الاعمار والنشاطات الانسانية ذات نفع عام.) چونکە بەڕێزت وەکو فەرمووت نا حکومی نابێت دیاریکراو نییە (ذات نفع عام) بێ (ال)ە. مەسەلەی پەرەپێدانیش وەکو بەڕێزت فەرمووت من ئیشارەتم بۆ کرد پەرەپێدان ئیشی حکومەتە وپێویستە لە برگە (٥) کە باس دەکرێت (لمقتضيات المصلحة العامة لحكومة الاقليم ان تساهم مع المنظمات لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم.) لەگەڵ ڕێزم پەرەپێدان ئیشی حکومەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لە شوێنی خۆی باسی دەکەین، جارێکی تر بیخوێنەوە تکایە، ئەگەر جوابتان هەیە جوابی بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەرای ئێمە (ذات النفع العام) ئاسایی دەروا زمانەوانیە هیچ گرفتی تێدا نییە، چونکە (ذات النفع العام) پێناسەکە مانای ناسراوە بە ئەلف ولام کە نەفعی عامە بەرای ئێمە هەر ئەمە راستترە ئەوەی نووسراوە، چا نازانم ئەگەر زانایان یەکێکی تر هەبێت لە زمانەوانی لە وانەیە مامۆستا رجب ئەگەر روونی کاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا رجب تێبینیت هەیە. کامیان دروستە فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، (ذات النفع العام).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من باوەر ناکەم ئەمە ناوەرۆکی بابەتەکە بگۆرێت، بیخوێننەوە چارێکی تر با بیخەینە دەنگ دانەوە فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:

١ـ الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزارة: وزارة الداخلية.
٣ـ الوزير: وزير الداخلية.
٤ـ المنظمة: أية منظمة كوردستانية غير الحكومية للاغاثة و الاعمار والنشاطات الانسانية ذات نفع عام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەک بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، دوو دەنگ پەسەندی ناکات بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

الفصل الاول

التأسيس

المادة الثانية:

١ـ المنظمة هيئة غير حكومية مستقلة مكونة من عدة اشخاص طبيعية و تنشأ لتحقيق اهدافها في مجالات الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم.
٢ـ تتمتع بالشخصية المعنوية ولها حق تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة لتحقيق اغراضها المنصوص عليها في هذا القانون.
٣ـ يجوز للمنظمة العمل في مجال النشاطات الانسانية خارج الاقليم بعد حصول موافقة الوزير.
٤ـ لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکانی تر تکایە هەمووی بە وریایی بخوێندرێتەوە چونکە دەدرێتە دەنگدان وتۆمار دەکرێت دوایی هەڵەی ئەکەوێتێ، رای لیژنە یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پشتگیریی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تکایە.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نووسراوەکەتان نەهاتۆتە لای ئێمە، لای تۆ هەیە بەڵام نەهاتۆتە لای ئێمە، جا چاکە هەمووی بخوێنەوە چونکە لە بەر دەستی من نووسراوی ئێوە نەبوو، بۆیە پێم باشە بەجارێک رایەکەی خۆتان بخوێنەوە تکایە، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**م/رأي اللجنة**

كتابكم المرقم(ك/٦٣)في ٢٤/٩/٢٠٠١

اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية اليوم لدراسة ومناقشة مشروع قانون المنظمات الكوردستانية غير الحكومية.

بعد دراسة المشروع من قبل لجنتنا نود أن نبين بأن وضع أعمال هذه المنظمات ضمن الاطار القانوني يكون من مصلحة الاقليم ويضعها تحت الرقابة المباشرة بما يخدم المواطنين بصورة عامة.

وإن لجنتنا تؤيد مقترحات اللجنة القانونية من حيث صياغة وترتيب المواد القانونية.

*مع التقدير*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئیتر پێویست ناکات هەموو جارێ رای ئێوە وەرگرم هەر یەک راتان هەیە روونە، لیژنەی رۆشنبیریی وپەیوەندیی تکایە.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ماددەی دووەم برگە سێ (الوزير) بکرێت بە (الجهات ذات العلاقة) هەروەها لەسەر برگە چواریش زیادەیە لابردرێت چونکە لە ماددە یەک برگە چوار هاتووە (ذات نفع عام) لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جوابتان هەیە لیژنەی یاسایی بە نیسبەت ئەو تێبینییانەی لیژنەی رۆشنبیریی؟.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەرای ئێمە پێویستە ڕەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆی لەگەڵدا بێت چونکە وەزیر لەوێ پێناسەکراوە لە چوارەمیشدا(٤ـ لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها .) ئەگەر گوتمان (ذات نفع عام) شتێکی زۆر ئاساییە مانای ئەوەیە شتی شەخصی ناکات چ زەرەری هەیە ئەگەر وابێت لەوانەیە هەندێ زیادەو شتی وا لە بنوک پارە دادەنێ شت دادەنێ بۆ کارێکی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەی کاری خۆی بەڵام کارەکە کارێکی شەخصی نییە بۆ زیادکردنی ماددی، بەرای ئێمە مانەوەی هیچ گرفت دروست ناکات بە چاکیشی ئەزانین وبە پێویستی ئەزانین کە بە تەواوی ئەوە دەوری ڕێکخراوان ئەوهایە بیر لە ماددە ناکاتەوە، بیر لە زیادکردنی ماددی ناکاتەوە، تەنها لێکۆڵینەوەی ئەهدافی گشتی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناو نووس بکرێن، کاک د. ادريس فەرموو.

**بـــەڕێـــز د. ادريـــس هـــادی صـــــــــــــــالـح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بە گوێرەی ماددەی دووەم خاڵی سێ من تێبینیم هەیە چونکە ئێمە وولاتێکین خۆمان خەریکی ئاوەدان کردنەوەین پێویستیەکی زۆرمان هەیە ڕێکخراو لە دەرەوە بێت وولاتەکەمان ئاوەدان بکەنەوە، کە ڕێکخراوێکی ئێمە لە دەرەوە ئیش بکات دیارە ئێمە گەیشتینە حاڵەتێک کە پێویستیمان نەماوە کە ئەم ڕۆکخراوانە لێرە ئیش بکەن لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە وشەی (العمل) بکرێت بە (المشاركة في مجال النشاطات....) ئەگینا هەر پێویست ناکات بەراستی چونکە ئێمە خۆمان هەوڵدەدەین ڕێکخراوی دەرەوە بێت لە وولاتی ئێمە ئیش بکات و خەریکی ئاوەدان کردنەوە بێ ویارمەتی ئێمە بدات، خراپ نییە ئەگەر ڕێکخراوێکی ئێمە بتوانێ لە دەرەوە ئیش بکات بەو شێوەیە نەبێت ئێمە باری ئابووریمان وای لێهاتووە کە ئێمە لێرەوە خەڵک بنێرین یارمەتی خەڵکی تر بدات لە دەرەوە ئیش بکات، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

خۆی روون کردنەوەیەک باشە بەڵام ئەوە بەو شێوەیە نییە ئێمە پارەی کوردستان کە پێویستی پێیەتی بیدەین بە ڕێکخراوێکی ناحکومی و پێی بڵێین برۆ بچۆرە دەرەوە ولە شوێنێک یارمەتی مرۆڤایەتی بکە، بەڵام مەرجەکانی یارمەتی مرۆڤایەتی لەدەرەوە ڕێکخراوی جیهانی هەیە، دەوڵەت هەیە کە یارمەتی دەدات بەو ڕێکخراوانە، مەرجیان ئەوەیە کە لە زۆر شوێنان ئیش بکەن، ئێمە مەرج نییە ئەم ڕێگایە لە ڕێکخراوەکانی خۆمان دابخەین ئەمە لە دوو لایەنەوە سوودی هەیە. یەکەم: دەرگا دەکاتەوە بۆ ڕێکخراوەکانی ئێمە کە یارمەتی لە دەرەوە وەربگرن بێ سنوور. دووەم: لە لایەنی پەیوەندی وعیلاقاتەوە و بۆ ناسینی گەلەکەمان زۆر زۆر چاک ترە ئەگەر ڕێکخراوێکمان هەبێت جیهان بیناسێت یارمەتی بدەنێ واعتمادی لەسەر بکەن بۆ کاری

مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە شتەکە تۆزێک موطلەقەو حەسریش کراوە بە ڕەزامەندیی وەزیر ئەمەش مانای ئەوەیە بە کەیفی خۆی نییە، بۆیەش نەوتراوە (الجهات ذات العلاقة) گوتراوە (الوزیر بالتحدید) بۆ ئەوەی کەس هەڵ نەستێ و بڵێت وەڵڵا من ڕەزامەندیی بۆ دەکەم ئاشکرایە وەزیری ناوخۆ ڕەزامەندیی بۆ دەکات تەواو بیرێتەوە، بەڕێز کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم(د.ڕزگـــار):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من تێبینیم هەیە لەسەر برگە یەک وسێ، لەسەر برگە یەک وشەی (هیـئـة) بە باشی نازانم ئەگەر بچینەوە سەر پێناسەی ڕێکخراو هاتووە ڕێکخراو وەکو لایەنی زانستی با (هیئة) لێرە وورد نییە، بۆ نمونە بەڕێزتان ئاگادار دەکەین سێ چوار پێناسە بۆ ڕێکخراو هەیە، من بینیومە گەلێک هاتبێت دەست درێژی وارده ودەبژێت هەر چەندە پێناسەی پێ ناوێتن زۆر هەمەجۆرە یەک لەم پێناسانە دەڵێت:( المنظمة هي الوحدات الهيكلية) ئەمە یەک، هی دووەم دەڵـێ:(المنظمة هي عبارة عن النظام)، هی سێیەم: (المنظمة کیان انساني) مانای هەمووی پێناسەیە ئەمە بێگومان ئەرها نووسیویان بۆ زانیاری بەڕێزتان لە کتابی (نظرية التنظيم) دانەری (جۆنهاک جاکسون و سیوبر بیمورقان) بۆ ئەوەی نووسەرەکەی لای ئێوە ئاشکرا بێت، لەبەر ئەمە وشـــەی (هیـئـة) بە پێویست نازانم ئەمە یەک. دوو ئەو ڕێکخراوەی مرۆڤایەتی ئەبێت بێتە دروستکردنێ هیچ گرفت نییە ئەگەر توانا هەبێت ومەجال هەبێت خوا نەکات ئەگەر لە وولاتێکی جیران یان غەیری جیران ڕووداوێکی سروشتی ڕوویدا چ بورکانە چ لافاوە چ زەلزەلەیە هیچ دوور نابینین وەکو کورد ناسراوە بە لێبوردن ودەستی یارمەتی درێژ بکات بۆ ئەم ڕێکخراوە هاریکارییە مرۆڤایەتیە ئەم مرۆڤانە بکەین کە لێی دەقەومێ، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم (في مـجـال الاغاثة والنشاطات الانسانية خارج الاقليم) بێتە زیادکردن ئەڤە یەک، هی دوو(حصول موافقة الوزیر) ئەگەر بچینە سەر ماددەی هەشت برگە یەک تەقریبەن هەموو ئەنجومەنی وەزیرانی گرتووە ماددە هەشت برگە یەک (المساهمة و التعاون في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم و خارجه بالتنسیق مع وزارتي الداخلية و المساعدات الانسانية و التعاون والوزارات المعنية الاخرى.) مانای تەقریبەن هەموو ئەنجومەنی وەزیرانی گرتووە بۆیە من گەلێ بە وردی نازانم لە شوێنی ڕەزامەندیی وەزیر ببێتە وشەی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی بەرپرس چاک ترە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ڕازی بوون یەک لایەن دەیکات ئەوی تر هاوکاری وهاوئاهەنگییە کاک د.ڕزگار هەموو وەزارەت ئەتوانن هەمئاهەنگی لەگەڵ بکەن وهاوکاریان لەگەڵ بکەن بەڵام ڕازەمەندی پەیوەندی داردەبێ بەیەک لایەنی مۆڵەتە مانای، بەڕێز کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحـــمـــد ســـالار عـــبـــدالواحـــد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من برگە چواری ماددەی دوو کە هەمان مەبەستی لە برگە چواری

ماددەی یەكدا هاتووە (ذات نفع عام) وەكو زاراوەیەكی یاسایی باو وبلاو واتاكەی ئەوە دەگەیەنێ كە كاتی خۆی بە بڕیارێک هاتووە كە ئەوە ئەگرێتەوە چ ڕێكخراوێ یا كۆمەڵەییێک یا هەر لایەنێ بێت بەشدارانی هیچ سوودێک وقازانجێكی تایبەت نایان گرێتەوە، مانای كارێک دەكەن چ سوودێكی هەبێت دابەش نابێت بەسەریاندا بە هیچ جۆرێک نایگرێتەوە واتە (ذات نفع عام) واتای ئەوەیە كەس سوود وەر ناگرێت، لەبەر ئەوە بوونی ئەمە لێرە رەنگە پێشتر كە بە زاراوەیەک هاتووە زاراوەكە واتاكەی بەربلاوترە لەوەی كە بە بڕگەیەک بێت لێرە بە زیادی ئەبینین، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، هەندێ مەشاریع ویاسا هەنە، بەش دانراوە ولە ژێر بەشیش ناونیشان هەیە لێرە بەشی یەكەم (التأسیس)ە بەشی دووەم (الاهداف والوسائل)ە ئەبێ ئێمە لێرە وورد بێن مانای هەر شتێک لەسەر ناونیشان دابنێین، بۆ نمونە لێرە (لا تسعی المنظمة الی الربح المادي الا لغرض تحقیق اهدافها.) باسی رووداو دەكات لێرە باسی تأسیس ناكات مادام ئێمە (التأسیس)مان داناوە (الاهداف والوسائل)مان داناوە ئەبێ ئەم بڕگەیە بچێتە ژێر بەشی (الاهداف والوسائل). هەروەها (یجوز للمنظمة العمل في مجال النشاطات الانسانیة خارج الاقلیم بعد حصول موافقة الوزیر.) ئەمەش لە تأسیس نییە راستە بڕگەیەكی باشە بەڵام دەبێ پەیوەندیی بە تأسیسەوە هەبێت ئەمانە هەر دووكیان دەبێت بچنە شوێنی خۆیان مانای ئەوەیە ئەگەر لە یاسا بمێنن بچنە شوێنی خۆیان، بڕگە یەک ئەمە دیسان بۆتە پێناسەی ڕێكخراو لە سەرەتا پێناسەمان كردووە جارێكی تر هاتووینە پێناسەیەكی ترمان داوەتێ هاوشێوەی یەكن لە یاسای ئێمە هەموو كات بە بەشی تأسیس دەڵێن (تؤسس بموجب هذا القانون) چەند یاسای ئێمە تەماشام كردینە هەموویان دەڵێتن (تؤسس بموجب هذا القانون منظمة غیر حكومیة تتمتع بالشخصیة المعنویة ولها الاستقلال المالي والاداري ویكون مقرها في المحافظة التي تختارها ولها ان تفتح الفروع في مراكز المحافظات الاخری) وابزانم بەم شێوەیە دابڕێژرێ باشترە لەو شێوەی كە بە پێناسە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، بە نیسبەت ئەوەی كاک احمد سالار فەرمووی بەرای ئێمە ئەوە مانەوەی زۆر زەروورییە چونكە كە دەڵێ (ذات نفع عام) لەوێ مەسائلی ربح وئەوانە باسنەكرایە كە ربحی ماددی هەیە یا نییە، بەس لێرە روون كردنەوەیەكە كە لێرە ربحی ماددی وەرناگرێت

وموماره‌سه ناکات ته‌نها بۆ لێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌هدافه‌کانیه‌تی. به‌نیسبه‌ت ئه‌وه‌ی کاک ابراهیم فه‌رمووی که ده‌ڵێ ئه‌وه دووباره پێناسه کراوه‌ته‌وه نه‌خێر ئه‌مه پێناسه نییه له سه‌ره‌تا ئه‌مه پێناسه‌یه به‌ڵام لێره شه‌رحی ده‌کات ئه‌وه چ ده‌کات له چ پێک دێت رێکخراوه له چه‌ند که‌س پێک دێت له سه‌ره‌وه ده‌ست نیشان نه‌کراوه که که‌سانی ساکار رێکخراو دروست ده‌که‌ن لێره دروست ده‌که‌ن، ده‌سته‌یه‌که چه‌ند که‌سێکن رێکخراوێک دروست ده‌که‌ن لێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌هداف ده‌کات و،ده‌فه‌رموێ بڵێین (تؤسس بموجب هذا القانون) پێویسته دیار بێت ئه‌و کاته ئه‌تو بڵێی رێکخراوێک دروست ده‌کرێت به‌و ناوه‌ی ئێستا ئاشکرا نییه کێ سوود له‌م یاسایه وه‌رده‌گرێ، چه‌ند رێکخراوێک دروست ده‌بێت چه‌ند شتێک دروست ده‌بێت ئه‌و رێکخراوانه خۆیان نزامی ناوه‌وه‌ی خۆیان پێشکه‌ش ده‌که‌ن بۆ وه‌زاره‌تی ناوخۆ، چ ناوێک له خۆیان ده‌نێن له‌گه‌ڵ وه‌زاره‌تی ناوخۆ رێک ده‌که‌ون، به‌رنامه‌ی خۆیان پێشکه‌ش ده‌که‌ن وه‌زاره‌تی ناوخۆ به چاکی زانی شروطیان گونجاوه وله‌گه‌ڵ مادده‌کانی ئه‌م یاسایه ده‌گونجێ ئه‌وا مۆڵه‌تیان ده‌داتێ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر شروتیان تێدا مته‌وه‌فر نه‌بێت مۆڵه‌ته‌که‌یان ره‌فز ده‌کات، فه‌رمووی ئه‌وانه ده‌چنه ناو (الأهداف) هیچ گرفت نییه لێره که ده‌ڵێین (تتمتع بالشخصية المعنوية) پێناسه‌ی رێکخراوه‌که‌یه ئه‌ی نابی بزانین ئه‌و رێکخراوه چییه رێکخراوێکه که‌سایه‌تیه‌کی مه‌عنه‌وی هه‌یه خاوه‌نی موڵکی گواستراوه‌یه ونه‌گواستراوه‌یه؛ به‌رای ئێمه مادده‌که زۆر به‌رێکی هاتووه چ گرفت دروست ناکات به جوانی رۆشتیه ئه‌گه‌ر ئه‌مر بکات سه‌رۆکی په‌رله‌مان بریاری له‌سه‌ر بدرێت زۆر له جێگای خۆیه‌تی، زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ڕێز حاکم سفر فه‌رموو.

**به‌ڕێز سفر محمد حسین:**

به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن، به‌راستی ئێمه به‌رامبه‌ر په‌رله‌مانێن به‌هه‌ر شێوه‌یه‌کی بێ ده‌بێت شێوه‌یه‌کی یاسایی هه‌بێت (هيئة) ئه‌و رێکخراوه ئه‌گه‌ر هه‌ر چ پێناسه‌یه‌کی هه‌بێت هه‌ر له چه‌ند که‌سێک پێک دێت ئه‌و چه‌ند که‌سه ده‌بنه که‌سێکی اعتباری (ويتولى الادارة المرفق العام وتؤدي الخدمات العامة) ئه‌وه یه‌که‌م مانای (هيئه) شتێکی ته‌واوه‌و دروسته ئه‌مه یه‌ک، دووه‌م ده‌ڵێ (ذات نفع عام) پشتگیریی مامۆستا ده‌که‌م ئه‌وا له راستی لایه‌نی یاسایی (مشروع خاص ذات نفْع عـام) ئه‌وا یانه‌ی وه‌رزشیه ده‌سته‌ی فریاکه‌وتنه ده‌سته‌ی یارمه‌تییه چ هه‌بێت ئه‌وه ده‌ڵێ (المشروع الخاص ذات النفع العام ويطلق عليها بالمؤسسات ذات النفع العام وهي مشروعات خاصة تتطلع أساساً للقانون الخاص ولانها تستهدف تحقيق النفع العام فأن الدولة تمنحها بعض إمتيازات السلطة العامة كالنوادي الرياضية وهيئات المساعدات الانسانية) ئه‌وه چوارچێوه‌ی ده‌سته‌واژه یاساییه‌کانی خۆمه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بیخوێنەوە جارێكی تر ئەیخەینە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

الفصل الاول

التأسيس

المادة الثانية:

١ـ المنظمة هيئة غير حكومية مستقلة مكونة من عدة أشخاص طبيعية و تنشأ لتحقيق أهدافها في مجالات الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم.

٢ـ تتمتع بالشخصية المعنوية ولها حق تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة لتحقيق اغراضها المنصوص عليها في هذا القانون.

٣ـ يجوز للمنظمة العمل في مجال النشاطات الانسانية خارج الاقليم بعد حصول موافقة الوزير.

٤ـ لا تسعى المنظمة الى الربح المادي الا لغرض تحقيق اهدافها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی دوو بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە دوو دەنگ پەسەندی ناكات بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تكایە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثالثة:

يمثل المنظمة امام المحاكم و الجهات الرسمية وغير الرسمية رئيسها او من يخوله.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، تێبینیمان لەسەر ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، پشتگیریی ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ئاوەدانكردنەوە تكایە.

**بەڕێز حـــــــمـــــــيـــــــد سليم مـــــيـــــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

رای لیژنەی رۆشنبیریی تکایە.

**بەڕێز زاهر مـــــــحــــــــمـــــــد ابراهـيـم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان نییە لەسەری.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

لیژنەی ناوخۆش نییەتی، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە مامۆستا مەلا طه فەرموو تێبینیت نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگ دانەوە ماددەی سێ جارێکی تر بخوێندرێتەوە تکایە.

**بەڕێز ســـــفـــــر مـــــحـــــمـــــد حـــــسين:**

المادة الثالثة:

يمثل المنظمة أمام المحاكم و الجهات الرسمية وغير الرسمية رئيسها او من يخوله.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی سێ بەم شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە بەگشتی دەنگ ماددەی سێ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز ســـــفـــــر مـــــحـــــمـــــد حـــــسين:**

المادة الرابعة:

يشترط لتأسيس المنظمة ما يلي:

١ـ تقديم طلب الى وزير الداخلية موقع من قبل أعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن خمسة اعضاء متمتعين بالاهلية القانونية على أن يرفق به نظامها الداخلي مشتملاً على البيانات التالية:

أـ اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.

ب ـ اسم كل عضو من الاعضاء ولقبه وجنسيته وعمره ومهنته ومحل اقامته ومؤهلاته العلمية.

ج ـ الموارد المالية للمنظمة ومصادرها.

د ـ الهيئات التي تمثل المنظمة وتقوم بادارتها و بيان اختصاصاتها وطرق اختيارها وانتهائها.

٢ـ ان يكون غرضها موضحاً و معلناً وان لا يتعارض مع النظام العام.

٣ـ على المنظمة تحقيق اغراضها بالوسائل المشروعة وفق احكام القوانين المرعية في الاقليم و ان لا تتعارض مع متطلبات نظام الحكم الفدرالي.

٤ـ ان لا تهدف الى بث الشقاق او التفرقة بين القوميات او الاديان او المذاهب المختلفة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، تێبینیمان لەسەر ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پشتگیریی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تکایە.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ڕای لیژنەکەمان ئەوەیە (إسم المنظمة والغرض من تأسيسها) جیا بکرێتەوە لە ناوی ڕێکخراوەکە ئیشەکەی جیا بکرێتەوە لە (يكون مركز إدارة المنظمة في الاقليم) مانای بە بڕگەیەکی جیاواز لەو بنووسرێ بە ئاشکرا بنووسرێ ڕێکخراوەکە لە هەرێم بێت جیا بکرێتەوە لە(أسم المنظمة والغرض من تأسيسها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕێشنبیریی تکایە.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهيم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لە ماددە چوار بڕگە چوار پێویست بەم بڕگەیە ناکات لابردرێت(ان لا تهدف الى بث الشقاق او التفرقة بين القوميات او الاديان او المذاهب المختلفة.) شتێکی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ جوابی ئەم تێبینیانەتان هەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، زۆر ئاسایی هاتووە (اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.) هیچ پێویستی بە جیاواز کردنەوە نییە بە بڕگەیەکی تر، دووەم ئەو بڕگە چوارەی کە لیژنەی ڕۆشنبیریی کە دەیەوێت لای ببات بە پێچەوانەوە ئەوە زۆر زەرورییە تێیدا بێت، چونکە ئەوە ماددەیەکە دیاری کاری ڕێکخراوەکە دەکات ئەگەر بۆ هەر لایەک بڕوات ئەوا ئەو یاسایە بیگرێتەوەو بتوانرێت محاسەبە بکرێ وحەل بکرێت ودابخرێت..هتد. لەم ئیجرائاتانەیە لەگەڵی دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، کاک جوهر فەرموو.
**بەڕێز جوهر أحمد شاواز:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من یەک دوو تێبینیم هەیە لە بڕگەی یەک ئەڵێ وەزیری ناوخۆ من لێرە ناوخۆ بە زیاد ئەزانم چونکە لە پێناسەکە ناوخۆ هاتووە، هەروەها لە زۆر ماددەش ناوخۆ دووبارە بۆتەوە بە زیادی دەزانم. دووەم تێبینیم ئەلف ئەڵێ( اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.) الاقليم ببێتە (عاصمة الاقليم) چونکە لە ماددەی (٢١) دەڵێ ڕێکخراو هەقی هەیە لق بکاتەوە لە پارێزگاکان، تێبینیەکی تریش ئەگەر ماددەیەک زیارد بکرێت شروط عضویەی تێدابێت چونکە ئێمە لە نەقابەیەک شروطێک فەرز دەکەین کە لە نەقابە داخیل بێت ڕێکخراوی وا گەورە لە وانەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ ملیۆنەها دینار بکات بۆیە ماددەیەک زیاد کرابا شروطی عضویەی تێدابا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.
**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
من لەسەر «د» قسەم هەیە،(د ـ الهيئات التي تمثل المنظمة وتقوم بادارتها و بيان اختصاصاتها وطرق اختيارها وانتهائها.)پاشان (وكيفية تشكيلاتها و أختيار منتسبيها و قبول أعضائها)پێویستە ئەو شتانەش لە پیڕەوی ناوخۆدا تاوەکو وزارەتی ناوخۆ بتوانێت لەسەر بەسیرەت ئیزنی بدات، دووەم ئەو «خمسة أعضاء»ەی ئەو ڕێکخراوە دەتوانێت پاشان لە هەموو پارێزگاکاندا لق بکاتەوە ئەو پێنج ئەندامە بۆ دەستەی دەزگاکە کەم نییە؟، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، بەڕێز کاک برهان جاف فەرموو.
**بەڕێز برهان علی جاف:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئێمە لە برگە«١»ی ماددە«٤»دا باسی ئەو شتانە دەکەین کە لە پیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، ئەگەر سەرنج بدەینە ماددەی «٦»یش ئەویش هەر باسی پەیڕەوی ناوخۆ دەکات، بەرای من ئەگەر ماددەی«٦» بگوازرێتەوە بۆ برگە«١»ی ماددە «٤» باشترە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بڕگە«١» دەڵێ پێنج ئەندامی موئەسس بن، باسی نەکردووە کە ئەو پێنج ئەندامە چی بن؟ کوردستانی بن، یا نیشتەجێی کوردستان بن، یا عێراقی بن، چونکە بڕگەی«ب» لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەڵێت: (أسم کل عضو من الاعضاء و لقبه و جنسیته)، لێرەدا باسی ڕەگەزنامەی کردووە، کەواتە ڕەگەزنامە لێرەدا گرنگە، جا لێرەشدا ئەبێت ئەو پێنج ئەندامە ڕەگەزنامەیان دیار بێت، دووەم، لێرەدا کە دەڵێت: (أن لا یبث الشقاق) ئەوە لێرەدا باسی پەیڕەوی ناوخۆ دەکات، ڕاستە ئەمە لە ئامانجەکانە، بەڵام لە میانی پیڕەوی ناوخۆدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بڕگە«٤»ی ئەو ماددەیە خۆی لە دووتوێی مەبەستەکان و سروشت و جۆر و فەلسەفەی بوونی ئەو پرۆژە پێشنیارکراوە کوردستانییەتە و، یاساکانی یاسای کوردستانییە، کوردستانیش واتە نەش و نماکردن و پەروەردە کردن و توندوتۆڵ کردنی گیانی کوردستان پەروەری، کەوا بوو ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەبێتە لایەنێکی گومان بۆیە پێویست بە بوونی ناکات، چونکە خۆی دڵنیایی داوە لە مەبەستەکانیدا، بۆ توندوتۆڵ کردنی گیانی کوردستان پەروەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی ڕاستە ئەمە بۆ پەروەردەکردنی گیانی کوردستانییە، بەڵام چەمیش بێ چەقەڵ نابێت، جا ئەم خاڵە بۆ ئەوەیە کە ڕێگا لەو چەقەڵانە بگرین، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی قسەکانی کاک ابراهیم سعید لە جێی خۆیەتی کە ئەوەی پەیوەندی بە ڕەگەزنامەوە هەیە هەندێ غموزی تیادایە، جا ئەبێت یا هەڵبگیرێت ، یان ڕوونکرێتەوە کە مەبەست لەوە خەڵکی کوردستان بێت، یا عێراقی بێت، یا بیانی بێت کە ئەویش بڕگەیەکی تایبەتمان هەیە لەسەر ئەو ڕێکخراوە بیانییانە، دووەم لە ڕای ئەندامانی لیژنەی ڕۆشنبیریدا هاتووە کە پێویست بە بوونی بڕگە«٤»ی ئەم ماددەیە ناکات و، هەڵگیرێت، بەڵکو بە ڕای من ئەو بڕگەیە مانەوەی زۆر پێویستە، چونکە ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە زۆر شوێن کێشەیان دروست کردووە، جا مانەوەی ئەو بڕگەیە زۆر پێویستە، لەبەر ئەوەی هەندێ ڕێکخراو دروست دەبێت بۆ هەندێ مەبەستی تایبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بە قسەکانی کاک جوهەر کە دەڵێ مەرکەزی لە پایتەخت بێت ئەوە زۆر گرنگ نییە، چونکە ڕێکخراو هەیە مەرکەزی سەرەکی لە دهۆک دەبێت وپاشان لقێک لە هەولێر دەکاتەوە، پێی ناوێت ئێمە پابەندی بکەین بەوەی کە دەبێت مەرکەزی لە هەولێر بێت، چونکە لەوانەیە زۆربەی کارەکانی لە دهۆک بێت، جا بۆیە ئێمە نەمانکردووە بە مەرجێکی سەرەکی بۆ بوونی مەرکەز لە پایتەخدا، لەوانەشە هەر پێویست بەوە نەکات کە لق لە هەولێر بکاتەوە، بەرای ئێمە ئەوە زۆر لەجێگای خۆیەتی، بەڵام ئەوەی کە مامۆستا مەلا طاهر فەرمووی کە «٥» کەس کەمە، ئێمە وتمان «لا يقل عن خمسه أعضاء» ئەگەر زیاتر بێت هیچ گرفت نییە، بەڵام نابێت لە «٥» کەس کەمتر بێت، ئێمەش بۆیە زیاترمان دانەنا تاوەکو ئاڵۆزی نەکەین، چونکە لەوانەیە ئەو «٥» کەسە توانای ماددیان باشتر بێت، ئەوەی کاک برهان فەرمووی کە ماددە«٦» بێتە پەیڕەوی ناوخۆ، جێگایەکەی خۆی ئێستا زۆر باشە، سەبارەت بە قسەکانی مامۆستا ابراهیم سعید، مەسەلەی ڕەگەزنامە، ئێمە نامانەوێ شتەکە ببەستینەوە بەوەی کە کوردستانی بێت، ڕێکخراوەکەمان ناوی «إعمار والاغاثه»یە، جا ئەو ڕێکخراوە دێت خزمەتی میللەتەکەمان دەکات، یەکێکی ڕەگەزنامە هۆڵەندی دێت بەملیۆنێ دولار لەگەڵ چوار کەسی تر ڕێکخراوێک دادەمەزرێنێ و خزمەت دەکەن، جا بە ڕای ئێمە پێویست ناکات کە ڕەگەزنامەکەی دیاری کەین، چونکە مەسەلە تەنها بۆ ئاوەدانکردنەوە و هاوکاری کردنە، واتا ئەو کەسە دێت خزمەتی میللەتی ئێمە دەکات و پابەندیش دەبێت بە یاساکانی ئێمەوە و تەقدیرەکەش بۆ وەزیری ناوخۆ دەمێنێتەوە کە ئایا ئەو کەسە پەسەندە، یاخود نە؟، لەبەر ئەوە زۆر شتێکی ئاساییە، تێبینییەکانی بەڕێز کاک أحمدیش زۆر کەس وڵامی دایەوە و، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنیش وڵامی دایەوە، جا ئەوە بوو وڵامی ئێمە لەسەر تێبینی ئەندامان،ئەگەر جەنابی سەرۆک بفەرمووێت ماددەکە بخاتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جارێکی تر ماددەکە بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الرابعة:

يشترط لتأسيس المنظمة ما يلي:

١ـ تقديم طلب الى الوزير موقع من اعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن خمسة اعضاء متمتعين

بالاهلية القانونية على ان يرفق به نظامها الداخلي مشتملاً على البيانات التالية:
أـ اسم المنظمة والغرض من تأسيسها على ان يكون مركز ادارتها في الاقليم.
ب ـ اسم كل عضو من الاعضاء ولقبه وجنسيته وعمره ومهنته ومحل اقامته ومؤهلاته العلمية.
ج ـ الموارد المالية للمنظمة ومصادرها.
د ـ الهيئات التي تمثل المنظمة وتقوم بادارتها و بيان اختصاصاتها وطرق اختيارها وانتهائها.
٢ـ ان يكون غرضها موضحاً و معلناً وان لا يتعارض مع النظام العام.
٣ـ على المنظمة تحقيق اغراضها بالوسائل المشروعة وفق احكام القوانين المرعية في الاقليم و ان لا تتعارض مع متطلبات نظام الحكم الفدرالي.
٤ـ ان لا تهدف الى بث الشقاق او التفرقة بين القوميات او الاديان او المذاهب المختلفة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ئەم ماددەیە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە.. سوپاس.. كێ پەسەندی ناكات؟، بەگشتی دەنگ ماددەی «٤» پەسەند كرا، ماددەی «٥» فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الخامسة:
١ـ على الوزير البت في الطلب خلال مدة ستين يوماً من تاريخ تسجيله لدى الوزارة و في حالة عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية اعادته الى المؤسسين لأكمال النواقص، عندئذ يبدأ سريان مدة البت اعتباراً من تاريخ تسليم الطلب مجدداً.
٢ـ اذا رفض الوزير طلب التأسيس لأي سبب كان للاعضاء المؤسسين تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة خمسة عشر يوماً، من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتًا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.
بەرای ئێمە برگەیەكی تر زیاد بكرێت،**المادة الخامسة:**إضافة فقرة ثالثة الى المادة ونقترح صياغتها كالآتي« في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(ا)اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون ».سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین کە چۆن هاتووە و، دژی پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییین ، چونکە زیانێکی گشتی تیادا هەیە، هەروەها زیان بە حکومەتیش دەگەیەنێت، وەزارەتی ناوخۆ ئەو لایەنی مەعنییە کە ئایا ڕەزامەندی بکات لەسەر کردنەوەی ڕێکخراوەکە، یاخود ڕەزامەندی نەکات، جا هەتاوەکو مەسەلەی ئاسایشیش هەر وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێت جێبەجێی کات و دەشتوانێ روونی نەکاتەوە کە ئەو هۆکارانە چی بوون، یا هەتاوەکو ئەگەر دواشیخات تاوەکو بەتەواوی لە ئامانج و مەبەستی ئەو ڕێکخراوە دەکۆڵێتەوە و لە ئەندامەکانیشی دەکۆڵێتەوە، پێشتر کاک عبدالخالق باسی مەسەلەی یاسای حزبەکانی کرد، ڕاستە یاسای حزبەکان مەرجێکی وای تیادایە کە ئەگەر هاتوو وەزیری ناوخۆ ڕەزامەندی دامەزراندنی دواخست ئەو حزبە موڵەتی پێ دراوە بە پێی یاسا ئەوە زیانێکی زۆر بە حکومەتی هەرێم دەبەخشێ، چەند جارێک ئێمە ئەمەمان هەموار کرد، بەڵام هێشتا لەو ئاسەوارە رزگارمان نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەم گۆڕانکاریە بەسەر ماددەکەدا بکرێت:( ٣- المادة الخامسة: تغیر کلمة(أو) الواردة فیها بعد لدی الوزارة بـ (و).)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد أبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددە«٥» :(برگە«١» هاتووە بە «٦٠» رۆژ بکرێت بە«٣٠»رۆژ،ئەویش لە برگە«١»ی مادە«٨»ی یاسای جمعیاتدا هاتووە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ولاّمتان تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەوەدەچێ لیژنەی دارایی پێشەکی ماددە«١»ی نەخوێندبێتەوە، چونکە کە دەڵێت: «علی وزیر

الداخلية» لێرەدا وەکو ئەمر هاتووە، لەبەر ئەوە وەزیری ناوخۆ ناتوانێ «٦»مانگ بیهێڵێتەوە لە وەزارەت و، دەبێت لە ماوەی «٦٠» رۆژ سەیری ئەو داواکارییە بکات، لەبەر ئەوە برگە«٣»ی بۆ زیاد دەکەین کە ئەگەر هاتوو وەزیری ناوخۆ ئەو داوایەی جێبەجێ نەکرد و پشت گوێی خست، جا دەبێت بە پێویستی بزانێت کە ئایا مۆڵەتەکەیان بداتێ، یا نەیانداتێ جا بەپێ یاسا رێکخراوەکە ئیعتباری بۆ دەکرێت، لە هەموو جیهاندا ئەگەر لایەنێکی رەسمی ناچار کرا لە ماوەیەکی دیاری کراو داواکاری پێشکەش بکات، هەتاوەکو لە مۆڵەتی حزبەکانیشدا هاتووە، کە ئەگەر لەو ماوەی دیاری کراوەدا وڵام نەدرێتەوە ئیعتبار دەکرێت کە مۆڵەتی پێ بەخشراوە، ئەوە لە هەموو یاساکانی دنیاشدا هەر وایە، مادام ماوە دانراوە، لەبەر ئەوە مەسەلەکە هیچ پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆوە نییە، چونکە ئەو ماوەی «٦٠» رۆژی بۆ دانراوە دەبوایە لیژنەی دارایی ئەوەی رەت کردایەتەوە و بیوتبایە داواکارییەک بدرێتە وزارەتی ناوخۆ بە رەهایی و هەتاهەتایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە پێشەکی ماددەی«١»مان بەباشی خوێندەوە، دەبێت ئێمە هەمیشە دەزگاکانی خۆمان بەهێز بکەین، باشتر وابوو کە لیژنەی یاسایی بیوتبایە «لوزیر الداخلية» یا «علی وزیر الداخلية»،کە ئێمە ناچاری وەزیری ناوخۆ بکەین، لە جیاتی ئەوە لە ماوەی ئەو دوومانگە وڵامەکە ئەداتەوە، ئەو کاتە ئەو سەپاندنەش نامێنێت و نەرمییەکیش ئەکەوێتە یاساکەوە، ئەو کاتە لە رووی ئاسایش و هەموو رووەکانی ترەوە تەماشای مەسەلەکە دەکات تا دەگاتە قەناعەتێک و وەڵام دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی کە بەڕێز کاک جمیل فەرمووی، خۆی لە یاسای رێکخراوەکان کە بە یاسایەکی گشتی دادەنرێت سەبارەت بە ئەم یاسایەی کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، لەوێ هاتووە لە ماوەی «٦٠» رۆژ ئەگەر وەزیر وەڵامی نەدایەوە ئەوە ئۆتۆماتیکییەن ئەوبە مۆڵەت پێ دراو دادەنرێت، بڕیاری وەزیریش دەتوانرێت تانەی لێ بگیرێت بەرامبەر بەدادگای تەمییز و،دادگای تەمیزیش تەماشای ئەو داواکارییە دەکات کە ئەگەر مەرجەکانی تەواو بێت بەپێی یاسا، باشە بۆ وەزیری ناوخۆ سوور بێت لەسەر مۆڵەت نەدان بەو رێکخراوە، ئەبێت رادەیەکی یاسایی دابنرێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر أحمد شاواز:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم کەوا بڕگەیەک زیاد بکرێت کە ئەگەر وەزیر لە ماوەی «٦٠» ڕۆژ وڵامی نەدایەوە، ڕێکخراوەکە بە موڵەت پێ دراو دادەنرێت، چونکە ئەوە لە یاسای حزبەکاندا ڕەچاو کراوە و جێبەجێ کردنی دیموکراتییەتیشە لە کوردستاندا، چونکە لە بڕگەی «١» و «٢» دا «طعن»ی تیادایە، وەزیر ئەگەر ڕازی نەبوو ئەتوانێ ڕەتی بکاتەوە، ئەگەر بڕیارەکەی وەزیر ڕەت کرایەوە تەمییز دەکرێت، ئەگەر وەزیر بە قەستی وڵامی نەدایەوە ئەوە پاش ئەو ماوەیە ئەو ڕێکخراوە بە موڵەت پێدراو دەژمێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

داواکەم هەر ئەوەیە کە ئەو «أو»ە بگۆڕدرێت بە «واو» ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێموایە ئەو بڕگەیەی کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری دەکات لە جێی خۆیەتی، چونکە ئەگەر تەماشای پێناسەی ڕێکخراو بکەین دەڵێت:(المنظمة: اية منظمة كوردستانية للاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية ذات النفع العام.)، کەواتە دەبێت وەزارەتی ناوخۆ بە خێرای وەڵامی بداتەوە، چونکە بۆ بەرژەوەندی گشتییە و، دەبێت بوار بە میزاجی شەخسی نەدرێت، دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز محمد طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تێبینیم لەسەر ڕایەکەی کاک حمید هەبوو، (في حالة عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط

القانونية إعادته الى المؤسسين خلال المدة أعلاه) واته لەماوەی «٦٠» رۆژەکەدا، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی باسی کردووە ئەگەر زیاد بکرێت لەوێشدا مافی «خلال المده»یەکی ئەبێت، لە برگە«٢»یشدا دەڵێت: (کان للاعضاء المؤسسين) من پێموایە ئەو (کان)ە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.إدریس فەرمووو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ ئەوەدام کە «٦٠»رۆژەکە بمێنێت و نەکرێت بە «٣٠» رۆژ، چونکە ئەوە ماوەیەکی باشی دەوێت بۆ ئەوەی دیراسەت بکرێت، کە بووە «٦٠» رۆژ ئەو کاتە پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، ماوەکەی زۆر باشە و وەزیری ناوخۆش دەبێت لەو ماوەیەدا وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێروان حیدری فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ ئەوەم کە دەقی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەو دەقە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتییەت دەگونجێ، دووەم دوو جۆرە چاودێری لەسەر ئیشی وەزارەت هەیە، یەکێکیان چاودێری ئیدارییە، چونکە وەزیری ناوخۆ پابەندە بەوەی کە بڕیاری بنبڕی لەسەر بدات، واتە چاودێرییەکی ئیداری لەسەر وەزارەت دابنرێت، کە ئەگەر بڕیاری بنبڕی لەسەر نەدا رێکخراوەکە بە مۆڵەت پێدراو دەژمێردرێت، دووەم، چاودێرییەکی قەزایی دانراوە کە ئەویش تانەلێدانە لە پێش دادگای تەمییز، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە یاساکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرمووو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە ئەو دەقە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر لە ماوەی «٦٠» رۆژدا وەزارەتی ناوخۆ وەڵامی نەدایەوە، ئەو داواکارییە چی لێ دێت ئەگەر پاش ئەو ماوەیە وەڵام نەدرێتەوە، ئەو داواکاریەش هیچی لەگەڵ ناکرێ و دەمێنێتەوە، وەزیری ناوخۆش جێبەجێی نەکردووە، لەبەر ئەوە ئەو دەقە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی هانی وەزارەت بدات کە لەو ماوەیەدا دیراسەتی داواکارییەکە بکات و، وەڵامیان بداتەوە کە پەسەندی بکات، یا رەتی بکاتەوە، جا بە رای ئێمە ئەو دەقە

بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك حاكم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر كەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

دەقی یاساكە زۆر روونە كە دەبێت لە ماوەی ئەو «٦٠» رۆژەدا وەزیری ناوخۆ وڵام بداتەوە و، بنەمایەكی فقهیش هەیە كە دەڵێت: (السكوت في معرض الحاجة بيان)، ئەگەر هات و هەر داواكارییەكەی نەبینی، ئەوە هەر نابێت، چونكە دەبێت هەر بیبینێت، ئەگەر هەر وەڵامی نەبوو ئەوە بە پێی ئەو بنەما فقهییە رەزامەندییە و، ئەگەریش رەزامەندی نەبوو دەتوانێت لە دادگای تەمیز تانەی لێ بدات، «عدم البت» هەر ئەوە مافی تانە لێ دانی پێ دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

لە برگەی«٢»دا هاتووە:«اذا رفض الوزير طلب التأسيس لأي سبب كان للاعضاء المؤسسين تمييز قرار » كەواتە لێرەدا بە شێوەیەكی ئیجباری هاتووە و، مافیش دراوە بە ئەندامانی دانەر كە تمیزی بڕیارەكە بكەن، جا ئەوە بۆ ئارەزووی ئەندامانی دانەر دەمێنێتەوە كە تەمیزی بڕیارەكە بكەن، یا نەیكەن،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك رجب فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

وشەی «كان»ە هاتووە كە دەڵێت: « لأی سبب كان للأعضاء المؤسسين» كەواتە ئەو «كان»ە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تكایە جارێكی تر ماددەكە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

المادة الخامسة:

١- على الوزير البت في الطلب خلال مدة ستين يوماً من تاريخ تسجيله لدى الوزارة و في حالة

عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية اعادته الى المؤسسين لأكمال النواقص، عندئذ يبدأ سريان مدة البت اعتباراً من تاريخ تسليم الطلب مجدداً.

٢ـ اذا رفض الوزير طلب التأسيس لأي سبب كان للاعضاء المؤسسين تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة خمسة عشر يوماً، من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتًا.

٣ـ في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(١)اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كەوا ماددەی «٥» پەسەند دەكەن بە زیادەكەوە دەستیان بەرز بكەنەوە.. سوپاس.. كێ پەسەندی ناكات؟، یەك دەنگ پەسەندی ناكات، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، دێینە سەر ماددەی «٦» فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

المادةالسادسة:

تحدد في النظام الداخلي للمنظمة الاحكام المتعلقة بتنظيم شؤونها الادارية والمالية والفنية وكيفية اختيار منتسبيها و قبول اعضائها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

ماددەكە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ ماددەكەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئەوەدانكردنەوە فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

هیچ تێبینییەكمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو ئەندامانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، نییە، کەواتە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

المادةالسادسة:

تحدد في النظام الداخلي للمنظمة الاحكام المتعلقة بتنظيم شؤونها الادارية والمالية والفنية وكيفية اختيار منتسبيها و قبول اعضائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی «٦» پەسەند دەکات بەو شێوەی کە خوێنرایەوە دەست بەرزکاتەوە..سوپاس..کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی «٦» پەسەند کرا، ماددەی «٧» فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

المادة السابعة:

على المنظمة مسك السجلات التالية على ان تكون مصدقة لدى دائرة الكاتب العدل.

١ـ سجل الاعضاء و(المنتسبين).

٢ـ سجل القرارات و محاضر الجلسات.

٣ـ سجل المشاريع

٤ـ سجل الحسابات

٥ـ سجل الاموال و الاثاث.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پشتگیریی لە ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە ڕای ئێمە پێویست بە بوونی ماددە«٧» ناکات، چونکە ئەحکامی ماددەی«٦» دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی «٧» زۆر پێویستە، چونکە جۆری سجلەکانی دیاری کردووە و، مەرجیش نییە کە دەڵێت:(فی النظام الداخلی تحدد) ئەو سجلانە هەمووی بنووسرێت، بەڵکو هەموو جۆرە سجلەکانی تیادا دیاری دەکرێت و، هەمووی لەلای کاتبی عدل مۆر دەکرێت پەڕە بە پەڕە، بۆ ئەوەی دەسکاری و تەزویر نەکرێت، هەروەها ئیشی وەزارەتی داراییش ئاسان دەکات کاتی موراجەعەت کردنی، بەڵکو باس کردنی ئەو سجلانە زۆر پێویستە، باشە ئەگەر لە پیرەوی ناوخۆدا سجلی ئەساسی نەهاتبوو وبە کەیفی خۆیان هەڵسووکەوتیان بە ئەساس کرد، ئەوە ناکرێت دەبێت هەمووی تۆمار بکرێت، چونکە ئەوە ڕێکخراوێکی خێرخوازە ئەبێت هەموو شتێکی ڕوون بێت، کاتێ کە هەر کەسێک بچێتە سەر سجلەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر ماددەی «٧» دەستیان بەرزکەنەوە تاوەکو ناونوسیان بکەین، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تەنها تێبینیم لەسەر ئەوەیە کە بکرێتە «علی ان تکون مصدقةً» ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەلای خۆمان چاکمان کردووە، بەڕێز کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو سجلانە هەموو کۆمەڵەیەک و تیپێک و دەزگایەک بەپێی مادده «٥١»ی یاسای جەمعیاتی عێراقی و بەپێی هەموو یاساکانی ئێمەش بە هەموارکراوەکانیشەوە ئەوە هەمووی شتێکی دەرئەنجام و بەدیهیییە، پێویست ناکات بە یاسا، چونکە خۆی لە شێوازی ئەوەدایە کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا خۆی ببینێتەوە و، پەیڕەوی ناوخۆش شەرعیەتی هەیە بە پلەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە برگەی«١»دا هاتووە، سجلی ئەندامان پاشان کەوانەیەک و دوای «المنتسبین» ، ئەوەی کە ئەم یاسایەی داناوە دەزانێت کەوا ڕێکخراو هەیە کە ئاینییە، جا چ مسیحی بێت یا ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، ئەو کاتە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی ئەندام بێت و ئەوەی کە ئیش دەکات لەوێ، ئەندام لە هەندێ لە ڕێکخراو پارە وەرناگرن، وابزانم لێرەدا لەوانەیە کێشەیەکمان بۆ دروست بێت، پرسیارێکم هەیە کە ئایا ئەوانەی ئەندامن تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە لەوێ ئیش دەکەن، یا ئەوانەی کە کاتێ لەوێ ئیش دەکەن، ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جیاوازییەکە ئاشکرایە، ئەمە ڕێکخراوێکی جەماوەری، یا سەندیکا نییە، ئەمە ڕێکخراوێکی خێرخوازە و بە زۆری دەستەی دەزگاکە لە ٥یا ١٠یا١١ ئەندام پێک دێت، ئەوانی تر هەموو فەرمانبەر و «منتسبن» کاری تیادا دەکەن، هەمیشە ئەندامانی فیعلی ژمارەیان

کەمە.کۆمپانییایەکە، بۆیە دیاری کردوە، تاکو یەک کەس نەبێت، دیاری کردەوە بە پێنج و لە پێنج کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی کەسێکیش دەتوانێ ڕێکخراوێک دروست بکات و بڵێ ڕێکخراوێکی مرۆییە و هەر خۆم ڕای دەپەڕێنم ، ئەوانی تر هەمووی فەرمانبەرن لای من،لێرە زیاد دیاری کراوە تاکو ئەو قاعدەیەی زیاد بێت، ئەگینا زۆرینەی ئەو کەسانەی لەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن فەرمانبەرن،کاک جەمیل هیچ تێبینیت هەبوو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دەربارەی تێبینیەکەی کاک ئەحمد سالار کە فەرمووی ،پاشی ئەو دوسێیانە هەندێ سجلاتی تر هاتووە، لێرە پێویستە هەبێت لەبەر ئەوەی دەقێکی تر لە ماددەدا هەیە دەڵێ(لایعمل بای نص یتعارض و احکام هذا القانون) ئەگەر لێرە دەربش نەکرێ ئەو سجلاتانە مانای ئەوەیە کەلێنی یاسایی تێدا دروست دەکات ، هەمەو دەمیش نزامیش ئاوێنەیە بۆ یاسا نابێ لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دەر بچێت، لەبەر ئەوە زۆر زۆر پێویستە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەو تۆمارانە لە بەر یەک حالەت زۆر زۆر پێویستە. لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەوەی لە یاسای کۆمەڵەکاندا هاتووە لەسەر ئەوە جێبەجێ بکرێ، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ماددەیەک لە یاسای کۆمەڵەکاندا هاتووە دەڵێ (ئەو ڕێکخراوە کوردستانیانە بە یاسایەکی تایبەتی دروست دەکرێن )

لەبەر ئەوەی بە یاسایەکی تایبەتی دروست دەکرێن

مانای وایە دەبێ هەموو شتێ بگۆترێ ، هەموو شتێ باسی بکرێ، بابەتی ئەو ڕێکخراوە وەکو ڕێکخراوەکانی تر نییە، لەوانەیە وەکو نادیەک یان وەکو شتێکی تر نییە، زۆر جیاوازی هەیە، بۆنموونە: نادی تۆماری پرۆژەکانی لە کوێ بوو، ئەوە ڕێکخراوێکی فریاگوزارییە ، لەوانەیە پرۆژەی هەبێ شت دروست دەکات، بۆیە ئەوانە پێویستیانە ئەو تۆمارانەیان هەموو هەبێ و باسیش بکرێ، لەو بارەیەوە ناتوانین بگەڕێینەوە سەر یاسای کۆمەڵەکان، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا یاسای کۆمەڵەکان ئەوەی چارەسەر کردوە ودەڵێ ئەوە بە یاسایەکی تایبەت دروست بکرێ، ئەگەر ئەو دەقە نەبوایە پێویست نەبوو ئەوە بکەین ، با پێنج کەس بچووبان و داواکاریەکیان پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ بکردبا و بەپێی یاسای کۆمەڵەکان مۆڵەتیان وەربگرتبا، وابزانم لە ماددە (٢٣) ی یاسای کۆمەڵەکاندا دەڵێ: ئەوانە بە یاسایەکی سەربەخۆ و تایبەت چارەسەر دەکرێن، بۆیە ئەو تۆمارانە زۆر زۆر پێویستن، جەنابیشت بابەتی فەرمانبەر و کرێکارت ئاماژە پێدا، ئەوانەی

ئەندامن دامەزرێنەرن ئەوانی تر کار دەکەن لەو رێکخراوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی حەوتەم جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بخرێتە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة السابعة:

على المنظمة مسك السجلات التالية على ان تكون مصدقة لدى دائرة الكاتب العدل.

١- سجل الاعضاء و(المنتسبين).

٢- سجل القرارات و محاضر الجلسات.

٣- سجل المشاريع

٤- سجل الحسابات

٥- سجل الاموال و الاثاث

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ یەک دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە پەسەند کرا، ماددەی هەشتەم تکایە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

الفصل الثاني
الاهداف والوسائل

المادة الثامنة: تهدف المنظمة الى تحقيق ما يلي:

١- المساهمة و التعاون في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم و خارجه بالتنسيق مع وزارتي الداخلية و المساعدات الانسانية و التعاون والوزارات المعنية الاخرى.

٢- التعاون مع المنظمات الاجنبية العاملة في الاقليم في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی یاسا لەسەر ئەو ماددەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

مادده‌كه باشه و تێبینیمان له‌سه‌ر نییه .

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

رای لیژنه‌ی دارایی؟ .

**به‌رێز جه‌میل عه‌بدی سندی:**

به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن،

له‌به‌ر گرنگی وه‌زاره‌تی ئاوه‌دان كردنه‌وه و گه‌شه پێدان ، لیژنه‌كه‌مان پێشنار ده‌كات،

المادة الثامنة {فقرة (١)} شطب كلمة (وزارتي) واضافة العبارة التالية (وزارات: الاعمار والتنمية....الخ).

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

لیژنه‌ی ئاوه‌دان كردنه‌وه تێبینیتان تكایه.

**به‌رێز حه‌مید سلیم میران:**

به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن،

تێبینیمان نییه.

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

لیژنه‌ی رۆشتنبیریی راتان؟.

**به‌رێز زاهیر محمد ابراهیم:**

له مادده‌ی هه‌شته‌م برگه‌«٢»ئه‌م رسته‌یه‌ی بخرێته سه‌ر(وفق أحكام هذا القانون) سوپاس.

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

روون كردنه‌وه‌یه‌ك بۆ وه‌زاره‌تی ئاوه‌دان كردنه‌وه، قسه‌كه‌ی كاك جه‌میل، له راستیدا وه‌زاره‌تی ناوخۆ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و مۆڵه‌تی ده‌داتێ ولێره به‌رپرسه لێی ، وه‌زاره‌تی مرۆڤایه‌تیش بۆ چالاكیه‌كانی له ده‌ره‌وه، واتا بۆ چالاكی هاوبه‌شی له‌گه‌ڵ رێكخراوه ئه‌جنبیه‌كان بۆیه ئه‌و دوو وه‌زاره‌ته داندراوه، ئه‌گینا هه‌موو وه‌زاره‌ته‌كانی تر په‌یوه‌ندی دارن، ئاوه‌دان كردنه‌وه په‌یوه‌ندی داره و په‌روه‌رده په‌یوه‌ندی داره و ته‌ندروستی په‌یوه‌ندی داره وكشتوكاڵ په‌یوه‌ندی داره هه‌موو وه‌زاره‌ته‌كان په‌یوه‌ندی دارن ، هه‌موشیان وه‌كو یه‌كتر گرنگن ، بۆیه لێره ته‌نها ناوی ئه‌و دوو وه‌زاره‌ته هاتووه، له‌به‌ر دیاری كردنی ئه‌ركه‌كه‌ی، ئه‌گه‌ر سه‌به‌بی نه‌بێ ده‌بێ سه‌به‌به‌كه‌ی ئه‌وه بێت، ئه‌و به‌رێزانه‌ی تێبینیان هه‌یه با ده‌ستیان به‌رز بكه‌نه‌وه، د. رزگار فه‌رموو.

**به‌رێز د. قاسم محمد قاسم :**

به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن،

لە برگـەی دوو (التعاون مع المنظمات الاجنبية العاملة في الاقليم في مجال الاغاثة و الاعمار و النشـاطات الانســانيــة) لێرە ئەو رێکخراوانەی ئێمـە وەکـو بەڵێندەریان لێ دێت لە لای ئەو رێکخراوە بیانیـانە جاچ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکـان بن یان انجۆی بیـانی بن، لێـرە من بە پێویستی دەزانم رستەی (بالتنسيق مع الجهات المختصة) دابندرێت، لەبەر ئەوەی حالاتی وا هەیە و ئیسـتاش هەیە، گەلێک پرۆژە هەیە بەڵێندەری خۆمـان لە رێکخراوی بیـانیـان گـرتۆتەوە، ئەو پرۆژەشی دەست پێکردوە و لەوانەیە گەیشتبێتە قۆناغەکانی کۆتاییش، ئەو پرۆژانە بێ ئاگاداری یان هەوئاهەنگی لایەنی پەیوەندی دار کراوە، تاکو ئەو رێگایە ببرین و زیاتر بەرژەوەندی گشـتی تێدا بێت هەروەک لە ئامانجەکانی ئەو یاسایەدا هاتووە رستەی (بالتنسيق مع الجهات المختصة) لەوانەیە زۆر سودی هەبێت سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز مـحـمـد سـعـیـد احـمـد یعـقـوبی :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەمان تێبینی د. رزگارم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسایی فەموون.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوە شـتـێـکی زۆر سروشـتـیـە نایەوێ بگۆترێ، لەناو ولات رێکخـراێکی مـۆڵەت پێدرا و کـار دەکـات، لەبەر ئەوەی وەزارەتێک تەندەر پێشکەش دەکات یان رێکخراوی هابیـتـات تەندەرێک پێشکەش دەکـات هەوڵ دەدات کە شـتێ جـێبـەجێ بکات تاکـو قـازانجـێکی پێ ببـرێ تاکـو ئامانجەکانی بپێکێ و ئەو کارە دەگرتەوە دەیخەملێنێ ، لەبەر ئەوە شتێکی زۆر سروشـتیە تاکو دەچێ رەزامـەندی وەردەگـرێ ، ئەوە تەندەرەکە لەوانەیە هەر بسـوتێ، لەبەر ئەوە هیچ پێـویـست ناکات لەبەر ئەوەی لە ناوخۆیە. دووەمیش، کە دەڵێن لەو ناوەدا ناکۆکی دروست دەبێت، ئەگـەر ئەوەش بوو ئەوە دادگای عێراق هەیە دەتوانێ پەنای بۆ ببات، هەرکەسێ خاوەن ماف بێت دەتوانێ داوای مافی خۆی لە دادگای بکات لەبەر ئەوەی ئەوان لەکارەکانیان سەر بە دادگاکانی هەرێمن، لەسەریان جێبەجێ دەکرێ ، ئەگەر ناکۆکی هەبێت، هیچ پێویست ناکات رەزامەندی وەربگیرێ، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەو بنەماییەی کە هەردووک رێکخراو لێرەنە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

تێبینی تر هەیە، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
نازانم مامۆستا کاکەرەش باسی رەزامەندی کرد، من باسی هاوئاهەنگیم کرد، ئەو فەرمووی رەزامەندی وەربگیرێ ، مەبەستی من هاوئاهەنگی بوو، لەبەر ئەوەی حالات هەیە، نازانم جەنابیان ئاگاداری لەسەر هەیە یان نا ، پرۆژە هەیە بەلێندەری خۆماڵی لە ڕێکخراوی بیانی جا چ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت یان هی تر گرتۆتەوە و لایەنی رەسمی پرۆژەکە وەر ناگرن لەبەر ئەوەی لەسەر مواصفات نییە، جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە من مەبەستم هاوئاهەنگی بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، باشە هیچ شتێ دەگۆردرێ ئەگەر ئەو تەنسیقەی بخرێتە سەر؟

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

الفصل الثاني

الاهداف والوسائل

المادة الثامنة: تهدف المنظمة الى تحقيق ما يلي:
١- المساهمة و التعاون في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية في الاقليم و خارجه بالتنسيق مع وزارتي الداخلية و المساعدات الانسانية و التعاون والوزارات المعنية الاخرى.
٢- التعاون مع المنظمات الاجنبية العاملة في الاقليم في مجال الاغاثة و الاعمار و النشاطات الانسانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە برگەی یەکەمی ئەو مانایەی تێبینیەکەی د. رزگار نادات؟
ئەو بەڕێزانەی ماددەی هەشتەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ یەک دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە پەسەند کرا،

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة التاسعة:
تحقق المنظمة اهدافها بالوسائل التالية:
١- الموارد المالية المتاحة لها.
٢- التعاقد والدخول في المناقصات والمزايدات لتنفيذ مشاريع اعمار كوردستان.
٣- الاتصال باللاجئين والمغتربين من ابناء كوردستان و المقيمين في الخارج و تشجيعهم لاستثمار رؤوس اموالهم في مشاريع الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

٤ـ الدعوة لعقد كونفرانسات داخلية ودولية لدراسة تطوير وتقديم المشاريع بهدف تحقيق اهدافها.

٥ـ من مقتضيات المصلحة العامة لحكومة الاقليم ان تساهم مع المنظمة لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

بەرای ئێمە لە بڕگە (٤) ئەمە بۆ كۆتای بڕگەكە زیاد بكرێ( وبموافقه الجهات المختصه)واتا بەو شێوەیەی لێبێت(الدعوة لعقد كونفرانسات داخلية ودولية لدراسة تطوير وتقديم المشاريع بهدف تحقيق اهدافها بموافقة الجهات المختصة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

رامان وایە وشەی (الدولیە)تێدا نەمێنێت ، كۆنفراساتی ناوخۆیی قەید ناكات ئەوە رێكخراو دەتوانێ ، بەڵام كۆنفرانساتی دەرەوە ئەوە ئەركی حكومەتە ئێمە وەزاراتی تایبەتمەندمان هەیە، وەزارەتی مرۆڤایەتی و ئاوەدانكردنەوە و وەزارەتی تەندروستی و پەروەردەو ... هتد. هەروەها پشتگیریی ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاساییش دەكەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدان كردنەوە راتان تكایە.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم پێشنیار دەكەین (وبموافقه الجهات المختصه) زیاد بكرێ هەر وەكو لیژنەی یاسایی فەرموویان. لە بڕگەی پێنجەمیش داوا دەكەین بەو دەقەی كە دەیخوێنمەوە بگۆردرێت (لحكومة الاقليم وبناءا على مقتضيات المصلحة العامة أن تساهم او تشارك لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم)., ئەوە بڕگەی پێنجەم بوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەمان شتە تەنها عەرەبیەكەی باشترە، لیژنەی رۆشنبیریی راتان؟.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
لە هەردوو (٣) و(٤) ئەو دەستەواژەیەی بخرێتە سەر (بالتنسیق والتعاون مع وزارە المساعدات الانسانیە و التعاون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامتان هەیە.

**بەڕێز کاک ئەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
سەبارەت بە بڕگەی چوارەم (الدولیە) گوایە شتێکی زۆر گەورەیە ، لەسەر ئاستی وڵاتانی دونیا، لەوانەیە برادەرێک لەو برادەرانەی ئەو ڕێکخراوە دەچێتە دەرەوە، لەوانەیە لە دەرەوە هەوڵ بدات چوار کەسی خێرخواز کۆ بکاتەوە وەکو کۆنفرانسێک یان شتێکی گچکە هەوڵ بدات باری کوردستان لە خەڵکەکە بگەیێنێ وهەندێ پارە کۆبکاتەوە و بێتەوە بە حکومەت بڵێ بابە ئەوەندە پارەیەم کۆ کردۆتەوە وا خەریکە دەیهێننەوە ئەگەر ئێمە تەنها بڵێین کۆنفرانسی ناوخۆ ئەوە ئەو کابرایە ناتوانێ ئەوە بکات و چالاکی هەبێ، بەس بەو مەفهومە گەورەیە نییە، عەقدی وڵاتان و نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش واتا چوارکەس لەدەرەوەی هەرێمەوە و ئەو کارە دەکەن، دەقەکە باش هاتووە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ کاک ابراهیم سەعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
لێرە بڕگەیەک هاتووە کە پەیوەندیی بە پەنابەران بکرێ، هەموو ڕێکخراوەکانی NGO پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەمەندەکانی خۆیان دەکەن لەناو وڵاتی خۆیان کەوا بەخشینێکیان بۆ بکەن و داخیلی پرۆژەکان بن، دەبێ ئێمە تێیدا ئەوە بڵێین کە دەبێ ئەو ڕێکخراوانە پەیوەندی بە دەوڵەمەندەکانی خۆمان بکەن، هەنگاوێکی تر هەیە، لەو بڕەی کە دەیبەخشێ لە باج دەبەخشرێ ئەوە لە ئەوروپا، بابەتی باج لەوێ داخل دەبێ ، دەبێ ئێمەش هەنگاوێکی ئاواها بهاوێژین تاکو خێرخوازێک هەبێ بڕێ پارە ببەخشێ ، واتا موقتەسر نەبێت لەسەر پەنابەران بە تەنها، مەبەستم هەر ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

خالّی پێنجەم دەقـەکـەی هەندێ نارێکە، ئەگەر بکرێ رێکخراوەکە بەشداری بکات لە پرۆژەی تەنمەوی، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە پرۆژانە عـادەتەن حکومـەت دەیکات و رێکخراوەکان بەشێکی کەمیان تێدا دەبێت تاکو تەواو کەری بێت، جا من پێم باشە کە لە پێشەوە هاتووە(تحقق المنظمة اهدافها بالوسائل التالية): (المشاركة في المشاريع التنموية مع حكومة الاقليم خدمة لمقتضيات المصلحة العامة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کاک د. ادريس ئەوەی من لە خەیاڵم بوو بیلـێم گوتی، تەنها برگەی پێنجەم ئەگەر ماددەیەکی سەربەخۆ بێت، لە برگە چواریش ئەگەر ئەو دولیە بکرابا ناوەوەو دەرەوەی هەرێم پێم باشتر بوو، خۆ دەتوانێ داوای هەبێت یان داوا تۆمـار بکات ئەوە دوو شـتـە ، دەتوانێ رێکخراوەکە داوای کۆنفرانسات بکات یان لە کۆنفرانسات ئامادەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینی من گوترا ئەوەیش ئەوە بوو کە برگەیەکی تر زیاد بکرێ (تبرعات من الاشخاص الخيرين داخل كوردستان ) .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەیە، لەشوێنی تر ئەوە هەیە، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بە رای ئێـمە ماددەکە زۆر باش هاتووە، تەنها ئەگەر لە برگە چواردا ئەوە زیاد بکەین (بموافقه الجهات المختصه) يان (الجهات المعنيه)ئەوەی جەنابیشتان فەرمووتان کە برگە پێنج دەقێک هاتووە دەتواندرێ چارەسەر بکرێ ، بەوەی کە کاک حەمید گوتی ئێمە لاریمان نییە ئەگەر بەو شێوەیە بروات وا بزانم وایان پێشنیار کرد بوو (لحكومة الاقليم وبناءا على مقتضيات المصلحة العامة أن تساهم او تشارك لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بەو شێوەیەی چاککرا بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز سـەفـەر مـحـمـد حـسـێن:**

المادة التاسعة:

تحقق المنظمة اهدافها بالوسائل التالية:

١ـ الموارد المالية المتاحة لها.

٢ـ التعاقد والدخول في المناقصات والمزايدات لتنفيذ مشاريع اعمار كوردستان.

٣ـ الاتصال باللاجئين والمغتربين من ابناء كوردستان و المقيمين في الخارج و تشجيعهم لاستثمار رؤوس اموالهم في مشاريع الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

٤ـ الدعوة لعقد كونفرانسات داخلية ودولية لدراسة تطوير وتقديم المشاريع بهدف تحقيق اهدافها.

٥ـ (لحكومة الاقليم وبناءا على مقتضيات المصلحة العامة أن تساهم او تشارك لتنفيذ المشاريع التنموية في الاقليم).

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە گشتی دەنگ ماددەی نۆیەم پەسەند کرا.

**بەڕێز سـەفـەر مـحـمـد حـسـێن:**

الفصل الثالث

مالية المنظمة

المادة العاشرة:

تتولى المنظمة إدارة اموالها من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وتنفيذها وفق النظام المحاسبي المعتمد لدى الدوائر الرسمية وتخضع حساباتها لتدقيق الرقابة المالية في الاقليم.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسایی تێبنیتان لەسەر ماددەکە هەیە؟.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر ڕێک وپێکە ئێمە پشتگیریی دەکەین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدان کردنەوە راتان تکایە ؟.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینیمان نییە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە نییە، تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة العاشرة:

تتولى المنظمة إدارة اموالها من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وتنفيذها وفق النظام المحاسبي المعتمد لدى الدوائر الرسمية وتخضع حساباتها لتدقيق الرقابة المالية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە گشتی دەنگ ماددەی دەیەم پەسەند کرا،ماددەی یازدەیەم .

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الحادية عشرة:

تتكون مالية المنظمة من:

١- ما يساهم به الاعضاء.

٢- المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف من الافراد والجهات الاخرى.

٣- الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

زۆر ڕێک هاتووە و تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی دارایی راتان تکایە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
ئێمە رامان وایە وشەی (الاکتتابات) لە برگەی دووەم لابدرێ لەبەر ئەوەی ئەوە کاری کاتب عەدلە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی ئاوەدان کردنەوە راتان.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
ئێمە رامان وایە وشەی (الوقف ) لە برگەی دووەم لابدرێ لەبەر ئەوەی ئێمە وای بۆ دەچین کە الوقف سروشتێکی بەردەوامی هەیە و بۆ ئەوقاف دەبێت، کەچی ئەو رێکخراوانە زۆربەیان سروشتێکی کاتییان هەیە، لەبەر ئەوە بە رای ئێمە وقف لەو ماددەیەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی رۆشتنبیریی تێبینتان نییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
وشەی (الوقف ) پێویستە هەبێت ، لەبەر ئەوەی مەرج نییە هەر تەنها بۆ ئەوقاف بێت ، جائزە هەر لایەنێکی خێرخواز دەتوانێ وەقف بێت و لە تۆمارەکانی تاپۆ تۆمار دەکرێ ئەکەر نەگوازراو بێت، دەڵێ وقفم کرد بۆ فلان رێکخراوی کە رێکخراوێکی خێرخوازە و ئەو رێکخراوە سوودی لێ وەردەگرێ بۆ پرۆژەکانی خۆی، لەبەر ئەوە زۆر سروشتیە. وشەی (اکتتاب) بمێنێت باشترە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە،کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کابرایەک دەمرێ دەڵێ ئەوەندە برە پارەیە بۆ ئەو رێکخراوە خێرخوازەیە بێت، ئەوەشی تێدابێت باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ملا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

من لەگەڵ ئەوەم کە (الوقف) بمێنێتەوە وەکو خۆی، وەسیەتیش حەق وایە هەبێ.(من الافراد او الجهات الاخری پێوە نییە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوە لە برگەیەک دەسەلاتمان دا بە رێکخراوێک کە بچێ لە دەرەوە کار بکات،ئەوە رەوایە و دەبێ حکومەتیش رۆڵی خۆی لەو بابەتە ببینێ ، واتا برگەیەکی تێدا بێت کە یارمەتیەکانی حکومەتیش لە ناو دارایی رێکخراوەکان بێت، بەپێی توانای حکومەت ئەگەر دایی ئەوە باشە ئەوە دەگەرێتەوە بۆ توانای حکومەت، برگەیەکی وای تێدابێت خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

یارمەتیەکانی حکومەتیش هەر لە چواچێوەی بەخششەکانە، خۆی ئەگەر حکومەت منحەی بداتێ، فەرقی نییە چ حکومەت بیداتێ یان افراد ئەو هەر داخلی منح دەبێ.

سەبارەت بە وەصی ، وشەی وەصی ، لە بنەرەتدا وەصیەت ضمنی وقف دەبێ، ئەگەر وەصیەت بکات بۆ هەر رێکخراوێکی خێرخواز ئەوە تۆمار دەکرێ ، لەبەر ئەوەی لە یاسای ئەوقافدا هاتووە دەڵێ : وسیەت بۆ هەر لایەنێکی خێرخواز یان حکومی وەقف وەردەگرێ، جا جۆری وەسیەتەکەی چۆن دەبێ و بە چ شێوەیەک دەبێ ، لە یاسای ئەوقاف وا هاتووە، ئەگەر تێشی دابێ خراپ نییە بۆ تەئکید کابرایەک کە دەمرێ وەصیەت دەکات بەشێ لە مولک و ماڵی خۆی دەداتە رێکخراوێکی خێرخواز. با بنوسرێ خراپ نییە (الوقف والوصیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الحادية عشرة:
تتكون مالية المنظمة من:
١- ما يساهم به الاعضاء.
٢- المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف والوصايا من الافراد والجهات الاخرى.
٣- الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو وصیەتە تۆزێ لێک بدەنەوە، کاک شێروان فەموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
احکامی وەقف جیاوازە لەگەڵ احکامی وەصیەت، ئەوەی کە بەڕێز کاکەرەش فەمووی وەصیە داخل بکرێ، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە داخل بکرێ، بە رای من (الوصایة) نییە (وصیة) یە (الوقف والوصیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
خۆی وصیە ناتجەکەی (ارث)ە، واتا ئەو پارەیەی یان ئەو موڵکە پاش مردن دەبێتە ارث، خۆی وەصیە شتێکی ترە فیعلی وەصیەتەکەیە، فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،
ئەگەر وەصیەت بێت ئەوە پاشی مردنە هەروەکی فەرمووتان، پێش مردن بابەتەکە وەصیەت نییە بەخشینە و خۆی دەیدات و پێی دەگۆترێ بەخشین، سەبارەت بە یاسای شەریعەتیش وەصیەت لە سێیەکی ئیرسەکە تێناپەڕێ، بۆ هەر لایەنێکی خێرخواز بیکات نابێ لە سێیەکی تەریکە تێپەڕ بکات، ئەوەی برادەران فەرموویان چونکە هەر وەصیەتێک ئەگەر بۆ لایەنی خێرخواز یان بۆ مزگەوت دروست کردن بێت ئەوە حوکمی وقف وەر دەگرێ ئەوە بەپێی یاسای ئەوقاف، بەڵام بۆ ئەو ڕێکخراوانە بگۆترێ باشە ( الوقف والوصیە) ئەگەر وەصیەت هەبێ خراپ نییە و تاکو سێیەکی تەریکە جائیزە و لە تریکەکە محروم بن و بۆ لایەنێکی خێر خواز بچێ ئەوەش خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**
المادة الحادية عشرة:
تتكون مالية المنظمة من:

١- ما يساهم به الاعضاء.
٢- المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف والوصية من الافراد والجهات الاخرى.
٣- الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەكێكی تر جارێكی تر بیخوێنێتەوە؟.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

المادة الحادية عشرة:

تتكون مالية المنظمة من:

١- ما يساهم به الاعضاء.
٢- المنح والهبات والهدايا والتبرعات والاكتتابات والوقف والوصية من الافراد والجهات الاخرى.
٣- الايرادات التي تحصل عليها المنظمة نتيجة نشاطاتها واستثمارها اموالها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەكە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، كێ پەسەندی ناكات؟ سێ دەنگ پەسەندی ناكەن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یازدەیەم پەسەند كرا،ماددەی دوازدەیەمین .

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثانية عشرة:

للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية او قبول المساعدات او التبرعات المادية او العينية من الخارج واعلام وزارتي الداخلية والمساعدات الانسانية والتعاون بذلك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینتان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، پێشنیار دەكەین كە ماددەكە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە .

**المادة الثانية عشرة:**

(للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية أو قبول المساعدات أو التبرعات المادية او العينية من الخارج وبموافقة حكومة الاقليم).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

اعلام لابدرێ و لەشوێنی ئەو ئەو دەستەواژەیە دابندرێ(بعد استحصال الموافقه) هەمان بۆ چوونی لیژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمەش رامان وایە ووشەی اعلام لابدرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری پەروەردە کاک عبدالعزیز فەموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری پەروەردە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەندێ حالات هەیە بۆ نمونە بەرپرسی رێکخراوێک چووە ئەستەنبوول، باشە معقولە لەوێوە بگەڕێتەوە تاکو رەزامەندی وەرگرێ، وابزانم مەعقول نییە، لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین با رەزامەندی وەربگیرێ و پاشان رابگەێندرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ادریس فەرموو .

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

منیش پێم باشە بکرێتە بە ئاگاداری حکومەتی هەرێم ، لەبەر ئەوەی ئەو رێکخراوە تاکو رەزامەندی وەردەگرێ گرێبەستەکەی لە دەست دەدا، لەبەر ئەوەی ئەویش ماوەیەکی پێ دەچێ ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بە قەناعەتی من دەزگاکانی راگەیاندن وایان کردوە پەیوەندیی ئاسان بووە لە تەلەفزیون خەڵک یەکتری دەبینێ و لەوانەیە دیوەخانیش دابنێ، ئەگەر لایەنێکی بیانی بێت پارەیەک بدات یان

یارمەتییکی بدات، باشە چ بەربەستێک هەیە تاکو کابرایەک کاریک بکات جا هەر چی بێت رەزامەندی حکومەت وەرگرێ، کەسێ پارە کۆ دەکاتەوە بەناوی خێر بۆ خۆی دەیخوات هەموو احتمالێک واردە ئەگەر رەزامەندی حکومەتی نەبێ، هیچ بەربەستێک نییە بەرای من فاکسێ دەکات و لە ماوەی تەنها چەند دەقیقەیەک وەلامەکەی وەردەگرێتەوە و( وردع المفاسد خیر من جلب المنافع ) سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەرێز د. قاسم محمد قاسم :**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لێرەدا من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ، هەڵوێستی حکومەت بە رێز و تەقدیرەوە دەنرخێنم ، لەبەر ئەوەی هەندە لێدوردە بێت لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازیەکان ، ئەوە پرۆژەی حکومەتە و خۆی دەزانێ چی پێویستە و چی دەکات، زیاتریش وەزیری ئاوەدان کردنەوە هەڵوێستی حکومەتی روونتر کردەوە، من بە رێک وپێکی دەبینم و زۆر بە پیرۆزی دەزانم،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە.

**بەرێز سفر محمد حسین:**

المادة الثانية عشرة:

للمنظمة التعاقد مع المنظمات الاجنبية او قبول المساعدات او التبرعات المادية او العينية من الخارج واعلام وزارتي الداخلية والمساعدات الانسانية والتعاون بذلك.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟حەوت دەنگ پەسەندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی دوازدەیەم پەسەند کرا.

**بەرێز سفر محمد حسین:**

المادة الثالثة عشرة:

على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة .

١ـ التقرير المالي السنوي متضمناً الواردات والنفقات.

٢ـ تقرير سنوي مفصل عن خدماتها ومشاريعها في مجال الاغاثة والاعمار والنشاطات الانسانية والجهات المستفيدة منها.

٣ـ تقرير مبين فيه خططها وبرامجها للسنة المالية الجديدة في مجال الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟ .

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

بە رای ئێمە بابەتەكە هەندێ نادیارە (على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة .) (الى الجهة المعنية) زیاد بكرێ، لەبەر ئەوەی بۆ كێی ئاراستە دەكات، ئەوە نەگۆتراوە بە رای ئێمە ئەوە بگۆترێ لەكۆتاییەكەی باشە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

(على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة) لە جێگای (او) واو دابندرێ،نەوەك (أو) كاتی پێویست پێشكەشی بكات یان نەیكات، واتا ساڵانەوە لەكاتی پێویستیش پێشكەشی بكات، پێشنیاری لیژنەی یاساش باشە،لایەنی پەیوەندیداریش دیارە ئەویش وەزارەتی دارایی وئابووری و وەزارەتەكانی تری تایبەتمەند و دیوانی چاودێری داراییەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانكردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

دەبێ بنوسرێ (الى الجهة المعنية) لەبەر ئەوەی دەبێ بنوسرێ ئاراستەی كێ دەكرێ نابێ ئەوها رەها بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیری راتان تكایە.

**بەڕێز زاهر محمد ابراهیم:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

بە رای ئێمە (او عند الضرورە) لابدرێ و بكرێتە(على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية الى الجهات المعنية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین،کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لە کۆتایی هەر ساڵێ ئەوە وجوبیە ئەوە هیچ بێنە و بەردەی پێناوێ ، او عند الضرورە کە هاتووە بۆ کت وپڕە لەوانەیە پێش سەری ساڵ داوا بکات، لە هەندێ دەزگا چاودێری دارایی پێش سەری ساڵ داوای ئەو راپۆرتەی لێ دەکات ئەویش مەجبورە بیکات و پێشکەشی بکات، بۆیە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە .

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثالثة عشرة:

على المنظمة تقديم التقارير التالية في نهاية كل سنة مالية او عند الضرورة الى الجهات المعنية.

١- التقرير المالي السنوي متضمناً الواردات والنفقات.

٢- تقرير سنوي مفصل عن خدماتها ومشاريعها في مجال الاغاثة والاعمار والنشاطات الانسانية والجهات المستفيدة منها.

٣- تقرير مبين فيه خططها وبرامجها للسنة المالية الجديدة في مجال الاغاثة والاعمار والتنمية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ماددەی سێزدەیەم بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

بەڕێزان لە ماددەی چواردەو بەدواوە دوادەخەین بۆ دانیشتنی بەیانی سەعات ١٠ ، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمڕۆمان.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/ ١٠/ ٢٠٠١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/ ١٠/ ٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە نۆ)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی( ژمارە نۆ)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/ ١٠/ ٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی یاسای ڕێکخراوە کوردستانییەکان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان ، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «٩»ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی وەزیرە بەڕێزەکان، وەزیری ناوخۆ و وەزیری پەروەردە و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم دەکەم، هیوادارم دانیشتنەکەمان ببێتە مایەی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر پرۆژەی یاسای ڕێکخراوە کوردستانییەکان، بەرنامەی ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسای ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ ئەم مەبەستە تکایە بەڕێزان ئەندامێکی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و ناوخۆ و ڕۆشنبیریی بێنە سەر سەکۆکە، دوێنێ گەیشتبووینە ماددەی «١٤» تکایە ماددەی «١٤» بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة عشرة:

١ـ تعفى المنظمة من رسوم التأسيس ورسوم تصديق سجلاتها.

٢ـ تعفى المنظمة من جميع الضرائب والرسوم الكمركية المستحقة لتحقيق أهدافها وفق ضوابط محددة تصدرها رئاسة مجلس الوزراء او من يخوله.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ماددەكە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بە ڕای لیژنەی ئێمە لەوانەیە ئەم ماددەیە بە هەڵە بەكار بهێنرێت، زۆر جار بەناوی ڕێكخراو ئوتۆمبیل بێننە ناو كوردستان و پاش ساڵێك بۆ خۆیان بیفرۆشن، یاخود بەشێوەیەكی تر بەكاری بهێنن، بەڕای ئێمە ئەمە زیان بە داهاتی حكومەتی هەرێم دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ئاوەدانكردنەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

هیچ تێبینییەكمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ڕۆشنبیریی؟ فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئێمە هیچ تێبینییەكمان لەسەر ئەم ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕاتان بەرامبەر بە ڕایەكەی لیژنەی دارایی؟ فەرموو،

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئەو ماددەیە زۆر پێویستە هەبێت پاشان دەڵێت: (وفق ضوابط یصدرها مجلس الوزراء) ئەو كاتە ئەنجومەنی وەزیران خۆی دەزانێت كەوا چ جۆرە شتێك لە گومركی خۆش دەبێت، لە هەمان كاتدا لە «ضوابط»ەكاندا دادەنرێت، ئەگەر ڕێكخراوەكە هەڵوەشایەوە، ئەو شتانە دەبنە مولكی كێ، یا

دەفرۆشرێت، یان هەر شتێکی تر بەباشی بزانن دەکرێت، جا لەبەر ئەوەی حکومەت ئاگادارە ئەو ماددەیە بوونی زۆر پێویستە، وەکو هەمووش ئاگادارن کە لە گومرک خۆش بوون تەنها بە یاسا دەبێت، ئەو کاتە رێکخراوەکان ناتوانن ئیش وکاریان بە ئاسانی بەڕێوەبەرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری پەروەردە:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە رای ئێمە ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە مەعقول نییە خەڵکێک پارە بە ئێمە ببەخشێت ئێمەش بە پێچەوانەوە وەریگرین، یان گومرکی بخەینە سەر، ئەو خەڵکە هان نادرێت بۆ ئەوەی هاوکاری میللەتی ئێمە بکەن، لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی کە کەلوپەلی ئەم رێکخراوە بۆ بەرژەوەندی گشتییە، جا پێویست ناکات هیچ جۆرە باجێکی بخەینە سەر، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی گشتی، من پشتگیریی لە رایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم کە دەڵێت: (وفق ضوابط یصدرها مجلس الوزراء أو من یخوله) لێرەدا رێگایان لەوە گرتووە کە «سوء الاستفادە» نەکرێت لەم یاسایە، بۆ نمونە ئەگەر وەڵاتی هۆڵەندا قوتابخانەیەک دروست کات لە کوردستان، ئەگەر ئەم کارە لە رێگای رێکخراوێکەوە بکرێت ئەوە هیچ جۆرە باجێکی ناکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر ئەم رێکخراوە کارەکەی دا بە موقاویلێک و موقاویلەکە سوودی لێ وەرگرێت ئەوە باج دەکەوێتە سەر موقاویلەکە، بە رای ئێمە هەندێ رامان هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەوا هەندێ «ضوابط» دابنرێت بۆ ئەوەی رێگا لە «سوء إستفادە» بگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.إدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ ئەوەدام کەوا خاڵی یەکەم بمێنێتەوە، لە سەرەتای دامەزراندنی رێکخراوەکە ئاسانکارییان بۆ بکرێت، بەڵام سەبارەت بە خاڵی دووەم من لەگەڵ ئەو دەقەیەدا نیم کە لێرەدا هاتووە، لە هەموو باج و رەسمێکی گومرکی نابێت لێیان خوش بن، جا بە رای من ئەگەر بکرێتە (لرئاسة مجلس الوزراء إعفاء المنظمة من بعض الضرائب و الرسوم الگمرکیة) ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەیبینێ لە جێی خۆیەتی و پێویستە لە گومرکی خۆش بن، ئەگەر هاتوو سبەی هەندێ ئامێر و ئۆتۆمبێلیان هێنا خۆ ناکرێ لە گومرگی هەمووی خۆش بن، جا ئەگەر دەسکارییەکی دەقەکە بکەن بۆ ئەوەی ئەوەی پێویستە لە گومرکی خۆش بن، بەڵام ئەوانی تر نەء، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئافرەتێکی سویسری کە لە «NGO»یە لەسەر بابەتی باج دیراسەتێکی هەیە، هەرچەندە بە ئینگلیزی نووسراوە، بەڵام من وەرگێڕانەکەی دەخوێنمەوە دەڵێت: (ئەو «NGO»یەی کە ئامانجیان سوودبەخشینە بە گشتی، شایانی ئەوەن کە لە باجی داهات و سەروەتیان خۆش بن، بەڵام ئەو کەسانەی کە لەوێ ئیش دەکەن مووچەکانیان بەر باج بکەوێت)، جا لێرەش حکومەت وا بەتەما بوو ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخراوەکان ئیش دەکەن، تەنانەت ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە مووچەکانیان باج وەربگیرێت، جا ئەگەر لێرە بڵێین لە هەموو باجەکان خۆش بن ئەوە مووچەش دەگرێتەوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بکرێت کە ئەگەر حکومەت لە باجیان خۆش بێت، بە شێوەیەک بێت کە نەوەک هەموو شتێک بگرێتەوە، واتا بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران لێیان خۆش بن، جا ئەگەر لە باجی کەلوپەلەکانیان خۆش بن، بەڵام باج لە مووچەکانیان وەرگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا ئەگەر دەقە ئینگلیزییەکەمان بۆ بخوێنیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

دەقە ئینگلیزییەکە.....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

تێبینییەکەی من لەسەر وشەی «جمیع الضرائب» بوو و باس کرا، ئەو ڕێکخراوانە خێرخوازن و ئامانجیان سوود وەرگرتن نییە، تەنها هاتوونە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەرز سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە هەڵسوکەوت بەو کەلوپەلانە نەکات کە لە گومرگی خۆش بوونە، من پێشنیار دەکەم کەوا بڕگەی «٣» بخرێتە سەر ئەو ماددەیە بەم شێوەیە: (٣ـ لا يجوز التصرف في الاموال المعفاة لغير الغرض الذي أعفي من اجله كما لا يجوز التنازل عنها إلا بعد إعلام الگمارك وبعد دفع الرسوم الگمركية ورسوم الضرائب الاخرى المعفاة منها الى خزينة حكومة الاقليم)، دووەم لە ماددە «٩» بڕگەی «٢» دەڵێت: ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن بەشداری «المناقصات والمزايدات» بن، ئێمە ئەگەر لە باجی ئامێر و کەلوپەل و ئوتۆمبیلەکان و شیش و چەمەنتۆ و شتی تر خۆش بووین واتا مەوقفی بەرامبەرەکانیان کە موقاویل و ئەندازیارەکانی خۆمانە لاواز دەکەین، کە ئەوانیش توێژێکن لە کۆمەڵی ئێمەدا و پێویستە هاوکارییان بکەین، سێیەم، ئەگەر پرۆژەیەک پێویستی بە «١٠٠» تەن شیش یا چەمەنتۆ بوو، باشە کێ دەڵێ کە ئەو «١٠٠٠» تەن شیشە ناهێنێ و ئەوەی پێویستیەتی بەکاری دێنێ و ئەوی تر نافرۆشێتەوە، چ بەندێک هەیە کە ئەو جۆرە کارە بگرێتەوە و، ئەو ڕێکخراوە ئەو جۆرە کارانە ئیستغلال ناکات و سبەی بە پارەیەکی کەم ئەیفرۆشێتەوە و سوودێکی باشی لێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێموایە ئەو ماددەیە زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە، هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان تێبینییان پێشان دا بەرامبەر بە بڕگەی«٢»، بەپێچەوانەوە دەقەکە زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە و بەشێوەیەکی ڕەها نییە، چونکە کە دەڵێت:«وفق ضوابط»، کەواتە ڕەها نییە، پاشان ئەو تێبینییانەی کە بەڕێز وەزیری پەروەردە ڕوونی کردەوە لە جێگای خۆیەتی، ئەمە بۆ بەرژەوەندی گشتییە، ئێمە دەبێت دەستخۆشی لەو خەڵکانە بکەین و ڕێگەیان بدەین، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەها نەبێ. جا ماددەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی و پێویستی بە هیچ جۆرە زیاد کردنێک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی کە بەڕێز د.إدريس فەرمووی دەبێت «ضوابط» هەبێت، خۆی لەسەرەتاوە «ضوابط» هەبووە و، ئەو «ضوابط»ەش شتێکی گشتی نییە، لەوانەیە هەر حاڵەتێک بە جیا بێت، جا هەر ڕێکخراوێک کە شتێک دێنێ دەتوانێ داواکارییەک پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکات، ئەویش بە پێی «ضوابط»ی تازە ئەو کارە جێبەجێ دەکەن، جا ئەوە شتێکی تەنفیزییە زیاتر لە

رووی یاسایی بێ، ئەوان خۆیان دەسەڵاتیان هەیە کەوا چۆن بواری پێ دەدەن بیدەنێ بەپێی بەرژەوەندیی گشتی، سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک إبراهیم سعید کە باسی باجی کرد، تاوەکو ئیستا لە عێراقدا فەرمانبەر باجی مووچەی نەداوە، تەنها باجیش باجی ((دخل))ە فەرمانبەرانیش ئەو باجە نایانگرێتەوە، ئەگەر یاسایەک دەرچوو لەسەر ئەوەی کە باج لە دەخلی فەرمانبەر وەرگیرێت، ئەوە فەرمانبەرانی (NGO) ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە. سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک د.رزگار سەبارەت بە وشەی «جمیع الضرائب» باج کۆمەڵێک شت دەگرێتەوە کە دەچنە کاری موقاوەلاتەوە باجی دەخل دەیانگرێتەوە، بەپێی ئەوەی کە قازانجیان هەیە و قازانجەکەیان بۆ بەرژەوەندیەکی گشتییە، ئەوان لەو باجە دەبەخشرێن، لەوانەشە موڵکی نەگواستراویان هەبێت، یا عەقاراتیان هەبێت، ئەو عەقاراتانە باجی لەسەر دەبێت، بەڵام لەو باجە دەبەخشرێت، مەسەلەی رسومی گومرکی ئەوە لە تەقدیراتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، سەبارەت بە قسەکانی بەڕێز کاک سعید، ئێمە کە دەڵێین: (وفق ضوابط) لەسەرەتاوە ئەو زوابتانە دادەنرێ، کاتێ کە بلدۆزەرێک دێنێ، یا ئۆتۆمبیلێک دێنێ ئەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی کاری پێ دەکرێت، یا ئەگەر رێکخراوەکەش هەڵوەشایەوە ئەوە بە بریاری وەزیری ناوخۆ بێت، یا بە بریارێکی قەزایی بێت کە ئەویش لەسەر داواکاری زۆربەی ئەندامان بێت، ئەویش مەسەلەکە دەپاڵێورێ ئەو کاتەش دادگا بریار دەدات کەوا دەدرێتە کێ و بۆ کوێ بڕوات، لەبەر ئەوە پێویست بەو دەقە ناکات و، دەقەکەی خۆی زۆر لە جێی خۆیەتی و ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بیخاتە دەگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

رێکخراوە خێرخوازەکان بە بێ پارە هاتوونەتە کوردستان بۆ هاوکاری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئەگەر بێت و راڤەی ئەم ماددەیە بکەین، دەبینین کە ئەنجومەنی وەزیران لە باج و رسوم و گومرک بەخشیویانە، بەپێی بنەما دەبەخشرێن، بەڵام بە «ضوابط»، ئەو موڵکانەی کە هەیانە و لەبەرژەوەندی گشتیدایە ئەوانە دەبەخشرێن، بەڵام نەک هەموو شتێک، کەواتە بە رای ئێمە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم یاسایە بۆ رێکخراوە کوردستانیە ناحکومییەکانە، نەوەک بۆ رێکخراوە خێرخوازە بیانییەکان،

که له وڵاتانی دەرەوە هاتوونە و لێرە خزمەت دەکەن، ئەگەر بەم شێوەیە بێنێت زیانێکی زۆر بە گەنجینەی وڵات دەگەیەنێت و، «سوء الاستغلال» دەکرێت، هەر وەکو بەڕێزان کاک سعید و د.إدریسیش باسیان کرد، بەخشین لێرە بە ڕەهایی هاتووە ئەو «ضوابط»ەی کە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران بەخشینە لەو باج و گومرگانە، لەبەر ئەوە پێشنیارەکەی بەڕێز د.إدریس کە دەڵێت: (لرئاسة مجلس الوزراء إعفاء المنظمة من بعض الضرائب و الرسوم الگمركية)، زۆر باشە و، پێشنیارەکەی کاک سعیدیش بۆ ئەو «سوء الاستفادة»یەش هەر باشە، بەڵام یاساکە بەم شێوەیە بە ڕەهایی بێنێتەوە «سوء استغلال» دەکرێت، چونکە ئەم یاسایە بۆ ڕێکخراوە کوردستانییەکانی خۆمانە، دەقێک لەم پرۆژەیەدا هەیە کە سەبارەت بەو ڕێکخراوانەی کە بیانین و لە دەرەوە دێن ئەنجومەنی وەزیران نیزام و یاسایان بۆ دادەنێت و، ڕەوانەی دەکات بۆ ئێرە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەم یاسایە تەنها بۆ ڕێکخراوە کوردستانییەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەندامە بەڕێزەکان فەرموویان کەوا ئەو بەخشینە بە ڕەهایی هاتووە، نەخێر بە ڕەهایی نەهاتووە، «إعفاء وفق ضوابط يصدرها مجلس الوزراء» کەواتە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران دەری کرد ئەوە بەخشراوە، ئەگەریش نە ئەوە نەبەخشراوە، کەواتە ڕەها نییە، ڕەها ئەوەیە کە بە کەیفی خۆی بێنێ و کەس قسەی لەگەڵ نەکات، ئەو ناتوانێ هیچ شتێک بهێنێتە کوردستانەوە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران «ضوابط»ی نەداتێ، لەبەر ئەوە بە ڕای ئێمە ڕەها نییە، ئێستا دەقێک لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە پێشکەش کراوە،( لرئاسة مجلس الوزراء أو من يخوله إعفاء المنظمة من الضرائب و الرسوم الگمرگية وفق ضوابط تصدرها) بە ڕای ئێمە هەر هەمان شتە، بەڵام ئەم شێوەیەمان پێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەواتە جارێکی تر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة عشرة:

١ـ تعفى المنظمة من رسوم التأسيس ورسوم تصديق سجلاتها.

٢ـــ لرئاسة مجلس الوزراء أو من يخوله إعفاء المنظمة من الضرائب و الرسوم الگمركية المستحقة لتحقيق اهدافها وفق ضوابط تصدرها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٤» بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، دوو دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی «١٤» پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١٥»، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة عشرة:

للمنظمة وبعد موافقة الوزير ان تقرر حل المنظمة أودمجها في منظمة أخرى ذات اهداف مماثلة بموافقة اكثرية اعضائها، واذا كان قرار الوزير بالرفض يكون قابلاً للطعن أمام الهيئة العامة لمحكمة تمييز الاقليم خلال(١٥) يوماً من تاريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە هەندێ هەڵەی چاپی تیادایە ئەگەر راستی کەینەوە،(المادة الخامسة عشرة:

للمنظمة وبعد موافقة الوزير ان تقرر حل المنظمة اودمجها في منظمة اخرى ذات اهداف مماثلة بموافقة اكثرية اعضائها، ويكون قرار الوزير بالرفض قابلاً للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال(١٥) يوماً من تاريخ صدوره.)،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین و لەگەڵ راست کردنەوەکەی لیژنەی یاسایی داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە (المادة الخامسة عشرة: إضافة عبارة(ويكون قرار محكمة التمييز باتاً)الى نهاية المادة.)بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی رۆشنبیریی فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە دارشتنەکەی ئاوای لێ بێت:(للمنظمة وبموافقة ثلثي أعضائها وبعد موافقة الوزير أن تقرر حل المنظمة أو دمجها مع منظمة أخرى ذات طبيعة مماثلة، وفي حالة رفض الوزير يكون قراره قابلاً للطعن أمام الهيئة العامة لمحكمة تمييز الاقليم خلال (١٥)يوماً من تاريخ صدوره).، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ناوخۆ؟ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە و، لەگەڵ رایەکەی لیژنەی یاسادایین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە ئەو «ثلثی أعضائها»ی ناوێت، چونکە رێکخراوەکە بەتەنها نییە بەڵکو دوو لایەنن لەگەڵ وەزیردا، بە زۆرینەی دەنگی رێکخراو و لەگەڵ رەزامەندی وەزیر، ئەگەر وەزیر رازی نەبوو ئەوە هەڵناوەشێتەوە، جا بۆیە پێویستی ئەو ٣/٢ نییە و، وشەی «بات» بۆیە لە بنەرەتدا لە پرۆژەکە نەمانووسی، چونکە لە پرۆژەکەدا هاتووە «الهیئە العامە» بواری راستکردنەوەی بریارمان دا، ئەگەر لایەنێک پێی رازی نەبوو، یا لایەنێک زیانی پێ بکەوێت، ئەویش بۆ بەرژەوەندی خەڵکییە و، ئەگەر «بات»ی بۆ زیاد کەن ئەوە هیچ زیانێکی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

أنا مع رأي «ثلثي الاعضاء» بما أنه منظمة وفيها جانب مادي فبإعتقادي إذا كان «ثلثي الاعضاء» سيكون أفضل من الاكثرية وذلك لسد الطريق أمام خلافات كثيرة ستحدث في

المنظمة، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام دەبێت ئەوە لە پێش چاو بگرین کەوا ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی جەماوەری نییە، کاک أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەبەر ئەوەی کارەکە چارەنووسیە چ بە نەمانی،یان یەکانگیری لەگەڵ ڕێکخراوێکی تردا لەم کاتەدا لەبری زۆرینە،یان زۆربە پێویست ئەکات ٣/٢ بێت، واتە «اکثریە» لەبەر ئەوەی چارەنووسییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێروان حیدری، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش لەگەڵ ئەوەدام کەوا بە ٣/٢بێت، چونکە هەڵوەشاندنەوەکە هەڵوەشاندنەوەیەکی قەزائی نییە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەیەکی ئیدارییە و پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە ڕووی داڕشتنەوە من هەندێ تێبینیم هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

ئینجا بڕیارەکەی حەقی هەیە تەمییزی بکا و لەوانەیە تەمییزیشی ناکا بە بڕیاری ڕەتکردنەوە ڕازی دەبی ڕێکخراوەکە بەردەوام دەبی،لێرە مەسەلە مزاوەلەی حەقە، مەرج نییە ئەو حەقە مومارەسە بکرێ، حەقی دەدەینێ کە ڕێکخراوەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکا وەزیر ڕازی نابێ، کە ڕازی نەبوو حەزی لێ بێ بڕیارەکەی وەزیر بەرەفز خۆ نەبووە موافقە ئەگەر بموافقە بی ئەوە موتەفقن و هەڵدەوەشێتەوە، بە رفز حەزی لێ بی تمییزی دەکا حەزی لێ نەبێ تمییزی ناکا بەردەوام دەبێ لە ئیشی خۆی لەوانەیە وەزیر قەناعەتی پێ دەینێ لەوانەیە بڕیاری رفز بڕیارەکی مسبب دەبی بڕیارێکی ڕێک و پێک دەبی لەبەر ئەوە قەناعەتیان پێدێ لەبەر ئەوە دەقی ماددەکە زۆر زۆر جوان هاتیە بە ڕێک و پێکی هاتیە، ئەگەر لوتف بفەرموون سەرۆکی پەرلەمان بیداتە

دەنگدان بۆ ئەوەی برادەران رایەکی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز فوزیە خان،فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیریی رای خۆمان داوە، بەڵام لێرە سێ چوار برادەر هەڵسان داوای ئەوە دەکەن ٣/٢ بێ، جا هەردوو بابەتەکە بخەنە دەنگدان بزانین کامەیان سەرئەگرێ، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو دەقەی لێرەدا هاتووە دەقێکی زۆر رێک وپێکە باوەڕ ناکەم پێویستی بە هیچ جۆرە گۆڕانکاریی و دەستکاریی هەبێت، یەکەمیان ئەمە رێکخراوێکی سیاسی نییە چارەنووساز بێت کە دوو لەسەر سێی پێویست بکا بە وە دەنگدان بکات، دوایی ئەگەر زۆرینەی ئەندامانی ئەو رێکخراوە وەکو وترا بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن ئەگەر ئەوانە ئامادە نەبن ئیش بکەن لەگەڵ رێکخراوەکە خۆ رێکخراوەکە خۆی تووشی ئیفلیج بوون ئەبێ، واتە پێویست بەوە ئەکا دوایی لە پێنج کەسەکە چۆن ٣/٢ دەر ئەکەی هەر زۆرینەکەی ئەکاتە سێ بەرامبەر بە دووەکە لەبەر ئەوە دەقەکە زۆر بە رێک و پێکی هاتووە دووایش بڕیارەکە لە ئەساسدا دەگەڕێتەوە بۆ جەنابی وەزیر ئەبێ وەزیر بڕیاری لەسەر بدا ئایا ئەمە هەڵبوەشێتەوە یان هەڵنەوەشێتەوە بکرێ بە یەک یان نەکرێ لەبەر ئەوە بڕیارە ئەساسییەکە هەرچەندە لە خوارەوە دێ لە رێکخراوەکە دێ بەڵام بڕیارە ئەساسییەکە بە دەستی وەزیرە دوایش قابیلی(طعن)ە لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من ئەوە کە لێرە هاتبێ زۆر زۆر بە رێکوپێکی هاتووە لەبەر ئەوە وەکو خۆی چۆن لیژنەی یاسا پێشنیاری ئەکەن بەو شێوەیە بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێزد.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەکو دەق من هیچ تێبینیم لەسەر نییە تەنها ئەو(خلال خمسة عشر یومامن تأریخ صدوره) ئەگەر بڵێین(من تأريخ التبلغ به) چونکە مومکینە کاتێکی زۆری پێویست بێ وەکو ماددەی هەژدەهەم(بالضبط)(من تأريخ التبلغ به) هەتا کاتێکی زۆری پێ نەچێت فعلەن بڕیار بگات

چونکە لەوانەیە بڕیار نەگات دوا بکەوێت لەبەر ئەوە(من تأریخ التبلغ بە) هەر وەکو ماددەی هەژدەهەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە پێشنیاری خۆتان بخوێننەوە، ماددەی پانزەهەم.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة عشرة:

للمنظمة وبعد موافقة الوزير ان تقرر حل المنظمة او دمجها في منظمة اخرى ذات اهداف مماثلة بموافقة اكثرية اعضائها، ويكون قرار الوزير بالرفض قابلا للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال (١٥) يوماً من تاريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددە پانزەهەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە...؟ هەشت ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شانزەهەم.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة السادسة عشرة:**

يجوز حل المنظمة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة بعد اكتسابه درجة البتات بناءً على طلب يقدم من قبل الوزير او من يخوله وذلك في الحالات التالية:

١- اذا مضى على تأسيس المنظمة سنة واحدة ولم تباشر اعمالها المنصوص عليها في نظامها، ما لم يكن التوقف لاسباب قاهرة.

٢- اذا خالفت في نشاطاتها الاهداف التي نشأت من اجلها.

٣- اذا اصبحت المنظمة عاجزة عن الوفاء بتعهداتها والتزاماتها المالية والقانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە زۆر ئیعتیادیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین زۆر ڕێکوپێکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە؟.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە ڕامان وایە داڕشتنەکەی وا دابڕێژرێ وەکو(لوزير الداخلية أو من يخوله الطلب من محكمة البداءة بحل المنظمة في الحالات التالية)واتە هەر لەلایەنی زمانی چاک بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە هەمان مانای هەیە،تەنها لایەنی زمانییە. ڕای لیژنەی ڕۆشنبیریی؟

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهيم:**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ ڕاتان.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

لاڕیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیتان نییە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

نابێ بووترێ للوزير، چونکە مەسەلەکە مەسەلەی هەڵوەشانەوەیەو، دەدرێتە دادگاوە، ئەوە مەسەلەکی جەوازییە(يجوز حل المنظمة بقرار من المحكمة بناءاً على طلب يقدمه الوزير) لەبەر ئەوە نابی بڵێین(لوزير الداخلية) لەبەرئەوە دادگا دەتوانی تەماشای هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوەکە بکا ئەگەر وەزیر داوا بکا لەوانەی بڕیارەکەی مەعقولە یان مەعقول نییە بە بڕیاری دادگا بابەتەکە دیار دەبێ، لەبەر ئەوە دەقەکە زۆر زۆر ڕێکوپێکە،زۆر جوان هاتیەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین... دیارە کەس تێبینیی نییە لەسەر ماددە(١٦) تکایە ماددەی شانزەهەم دووبارە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة السادسة عشرة:**

يجوز حل المنظمة بقرار من محكمة بداءة محل المنظمة بعد اكتسابه درجة البتات بناءً على طلب يقدم من قبل الوزير او من يخوله وذلك في الحالات التالية:

١- اذا مضى على تأسيس المنظمة سنة واحدة ولم تباشر اعمالها المنصوص عليها في نظامها، ما لم يكن التوقف لاسباب قاهرة.

٢- اذا خالفت في نشاطاتها الأهداف التي نشأت من أجلها.

٣- اذا أصبحت المنظمة عاجزة عن الوفاء بتعهداتها والتزاماتها المالية والقانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددە شانزەهەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتی دەنگ ماددەی شانزەهەم وەرگیرا. ماددەی حەڤدەهەم.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة السابعة عشرة:**

اذا حلت المنظمة عين لها مصفي او اكثر يتم تعيينهم من قبل هيأتها ان كان الحل اختيارياً او محكمة بداءة موقع المنظمة ان كان الحل قضائياً وتقوم المحكمة المذكورة بإجراءات وضع اليد فوراً ريثما تجري التصفية القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە زۆر ئیعتیادیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حـــــمـــــيـــــد سليم مــــيـــــران:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئێمە پشتگیریی ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی راتان؟.

**بەڕێز ظاهر مـــــحـــــمـــــد إبراهيم:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئێمە وای دەبینین ئەمە بكرێ بە دوو برگە، برگەی یەكەم وەكو خۆی بمێنێتەوە ئەوەی هەیە، برگەی دووەمیش بكرێت بە(يتم توزيع ممتلكات المنظمة وفقاً لنظامها الداخلي فان لم يوجد نص واضح في النظام حينئذ يجب تحويل اموال وممتلكات المنظمة المنحلة الى المنظمة أو المنظمات التي يكون غرضها هو الاقرب الى قانون هذه المنظمة أو أية جهة اخرى يعينها الوزير).

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز كاكەرەش هیچ تێبینیت هەیە؟.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ماددەكە زۆر باش هاتیە،لای بەڕێزتان روونە كە دوو جۆرە هەڵوەشانەوە هەیە، یەكێكیان كە رێكخراوەكە خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە بە رەزامەندی وەزیر خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە كە خۆی هەڵوەشانەوە خۆی دوو مصفی تعیین دەكا بۆ تەصفییەی ئیش وكارەكانی دەكا، ئەگەر هاتوو هەڵوەشانەكە قضائی بوو دادگا موصفی دادەنێ لە هەردوو حالەتەكەش زۆر زۆر روونە تەصفیەی وەزعییەتی لەسەر دەكرێ و، تەصفییە دەكرێتن حتمەن كە تەصفییە دەكرێتن مەسەلە بەرژەوەندی گشتییە، كە بەرژەوەندی گشتیی بوو بۆ لایەكی دی ناڕوا واتە بڵێی ئەو پارەیە دەڕوا بۆ لایەكی دی، چونكە كە تەصفییە كرا معقول نییە پارەكە بۆ لایەكی تر بڕوا یان بۆ لایەنێكی تر بڕوا لە ئەساسەوە بەرژەوەندی گشتییە، كە بەرژەوەندی گشتیی بوو مانای وایە دەوڵەت تاكە لایەنەكە سوود لەم بابەتە وەردەگرێ ئەگەر هاتوو رێكخراوەكە نەما و رأسمالەک بۆی نەماوە شتێكی زۆر زۆر سروشتییە، ماددەكە زۆر باش هاتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە. بەڕێز كاك أحمد سالار، فەرموو.

**بەڕێز أحـــمـــد ســـالار عـــبـــدالواحـــد:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

پێویستە لە پێڕۆی ناوخۆی وە یاخود لە یاساكە دەستنیشانی ئەوە بكرێ كە ئەوەی ئەمێنێتەوە كێ میراتگری ئەبێ؟ چونكە ئێمە زۆر نمونەی وامان هەبووە كۆمەڵەیەكی رۆشنبیریی بووە

دەستنیشان کراوە و،(ذات نفع عام) بووە دەستنیشان کراوە دوای نەمانی چ کەلوپەل و ممتلکاتی هەیە ببێ بە هی کتێبخانەی گشتی یان فلانە شوێن دەستنیشان کراوە، لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی مەعنەوی سەربەخۆی هەیە وەک لە ماددەی دوودا هاتووە، بۆیێ بۆی هەیە تەسەروف بکاو، دەستنیشانی ئەو لایەنە بکا کە میراتگری ئەبێ، لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالكريم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تۆزێک وەکو غموضێک دێتە پێش چاوم لە دەقی ماددەکە، کە ئەڵێ(عين لها مصفي او اكثر يتم تعيينهم من قبل هيأتها ان كان الحل اختيارياً) أو(يعين لها مصفي من قبل محكمة بداءة موقع المنظمة) واتە ئەگەر بۆ ئەوەی زیاد بکرێ یان(بقرار من محكمة بداءة موقع المنظمة) ئیشارەتێک بکرێ چونکە تۆزێک غموضی تێدایە لەبەر چاوم ئەگەر ئیجازە بفەرموون لەوێ ئەگەر (بقرار)ێک یان(يعين لها مصفي من قبل محكمة بداءة موقع المنظمة) شتێکی وای بۆ زیاد بکرێ روون تر دەبێ لەپێش چاوم، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ئیشارەتەش راستە(من قبل هيأتها) نەک(من قبل هيآتها)، تێبینیتان هەیە لەسەر ئەو تێبینیانەی کە ئێستا پێشکەش کران؟فەرمووکاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەرای ئێمە زۆر زۆر روونە، واتە ئەگەر هەڵوەشاوە دەستەکەی خۆی دادەنێ ئەگەر خۆی (حل)ی خۆی کرد ئەگەر دادگا هەڵیوەشاندەوە دادگا(مصفي) دادەنێ(إذا كان الحل اختيارياً أو محكمة بداءة موقع المنظمة) دەگەڕێتەوە بۆ کێ؟ دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی مصفی لەبەر ئەوە ئەگەر(اختيار)ی بوو دامەزراندنی مصفی دەستەی ڕێکخراوەکە دەیکا، ئەگەر هەڵوەشانەکە (قضائي) بوو دادگای(بداءة)ی مەوقعەکە دەیکات و، مەترسیش لەوەدا نییە واتە وا بزانم قاعیدەکی فقهییە واتە هەر تەصفییەک کە دەکرێ هەر شەریکەیەک ئەگەر میراتگرێکی شەرعی نەبێ ئەگەر خاوەنێکی دیاریکراوی نەبێ دەوڵەت خاوەنی کێشەکەیە ئەوە(تؤول الى الدولة) ئەوە قاعیدەکی فقهییە واتە مومکین نییە لە بۆ هیچ کەسێک بڕوا مەسەلەیەکی بەرژەوەندیی گشتی ئەگەر کەسێک(ادعاء)ێکی نەبی لەسەری و نەتوانی ئەوە بچەسپێنێ بە(مستمسكات) مانایی ئەوەیە(تؤول الى خزينة الدولة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك حاكم نەمر.

**بەڕێز نەمر كەچو:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بە نسبەت هەڵوەشانەوەی ڕێكخراو ئەگەر هاتوو وەكو برادەران ئیشارەتیان پێدا، كەس نییە بدەنە كێ؟ یاسای كۆمەڵەكان چارەسەری كردووە، بدرێتە(أقرب منظمة مماثلة لها) واتە پێویست ناكا چونكە ئەمە قانوونێكی گشتیە ئەوە تایبەت نییە ئەگەر تایبەت نەبوو دەگەڕێتەوە بۆ گشتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینییەكەی حاكم نەمر زۆر ووردەو لە شوێنی خۆیەتی. تكایە ماددەی حەڤدەهەم جارێكی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

**المادة السابعة عشرة:**

اذا حلت المنظمة عين لها مصفي او اكثر يتم تعيينهم من قبل هيأتها ان كان الحل اختيارياً او محكمة بداءة موقع المنظمة ان كان الحل قضائياً وتقوم المحكمة المذكورة بإجراءات وضع اليد فوراً ريثما تجري التصفية القانونية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی حەڤدەهەم بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسندی ئەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە...؟ زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی كە پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە...؟ شەش ئەندامی بەڕێز پەسندی ناكەن بە زۆرینەی دەنگ ماددەی حەڤدەهەم وەرگیرا.ماددەی هەژدەمین.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

**المادة الثامنة عشرة:**

تكون قرارات محكمة البداءة في الحالات المنصوص عليها في المادتين(١٦و ١٧) من هذا القانون قابلة للطعن فيها أمام الهيئة العامة لدى محكمة تمييز الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لتأريخ التبلغ بها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە ڕای ئێمە تەعدیلێک بکرێ باشە(تكون قرارات محكمة البداءة في الحالات المنصوص عليها في المادتين(١٦و ١٧) من هذا القانون قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لتأريخ التبلغ بها) .بۆ ئەوەی(انسجاما) لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە ئەویش(لدى محكمة التمييز) بوو ئێستا ئەوەش لە دادگای تەمییز بێ نەک لە دەستەی گشتی، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەو هەموارکردنی لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەو ڕای لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیریی؟.

**بەڕێزظاهر محمد إبراهیم:**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هیچ لاریمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... دیارە کەس تێبینیی نییە ،ماددەکە جارێکی تر بخوێنەوە بە پێشنیاری خۆتانەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الثامنة عشرة:**

تكون قرارات محكمة البداءة في الحالات المنصوص عليها في المادتين(١٦و ١٧) من هذا القانون قابلة للطعن فيها لدى محكمة تمييز الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لتأريخ التبلغ بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددە هەژدەمین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتی دەنگ ماددەی هەژدەمین وەرگیرا. بۆ تەئکید ماددەی حەڤدەهەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا ماددەی هەژدەمین بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی نۆزدەهەمین.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة التاسعة عشرة:**

١- على المنظمات القائمة تعديل أوضاعها بما ينسجم وأحكام هذا القانون خلال ستة أشهر من تاريخ نفاذه.

٢- تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێننەوە بە عینوانەوە.

أحكام عامة.

**المادة التاسعة عشرة:**

١- على المنظمات القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم واحكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نفاذه.

٢- تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسای ڕاتان؟

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە ڕای ئێمە بڕگەی(١) بەو شێوەیە بێ کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە

**المادة التاسعة عشرة:**

١- على المنظمات الكوردستانية والعراقية غير الحكومية القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم واحكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نفاذه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین وەکو خوێندیانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی ڕاتان.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەش پشتگیریی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە... فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەر لە سەرەتای گفتوگۆکردنی ئەم پرۆژەیە پێم باشە ئەو هەموارکردنەی کە لیژنەی یاسایی دایناوە(علی المنظمات الکوردستانیة والعراقیة غیر الحکومیة) عراقییەکەی تیا بێ لەبەر ئەوەی کە لە ماددەی(٢٢) ئەڵێ (یتم تنظیم شوؤن المنظمات الاجنبیة المتواجدة) واتە ئەو رێکخراوانەی عیراقی کە هەن لەگەڵ بیانی نین لەبەر ئەوە ئەبێ ئەم بابەتە داخیل بکرێ زۆر لە بەرژەوەندی ئەمنی قەومیمانە و هەروەها لە بەرژەوەندی گەلەکەمانە چونکە هەندێ لەو رێکخراوانە ئیستیغلالی ئەو لایەنەیان کردووە خۆیان بزر ئەکەن لە نێوان بیانی و کوردستانی، لەبەر ئەوە من لەگەڵ لیژنەی یاساییم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کوردستان لە عێراق جیا نەبۆتەوە لەبەر ئەوە عیراقی بیانی نییە ئەمە یەک، دووەم لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە بەو هەموار کردنە واتە جەنابت هەموارکردنەکە پەسندی دەکەی، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە بە هەموارکردنەکەی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

أحكام عامة

**المادة التاسعة عشرة:**

١ـ على المنظمات الكوردستانية والعراقية غير الحكومية القائمة تعديل اوضاعها بما ينسجم وأحكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نفاذه.

٢ـ تعتبر المنظمات التي لم تلتزم بحكم الفقرة(١) من هذه المادة منحلة بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی نۆزدەهەمین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتی دەنگ ماددەی نۆزدەهەمین وەرگیرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة العشرون:**

لوزير الداخلية مقاضاة المنظمة وفق احكام هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى اذا نفذت مشاريعها خلافاً لالتزاماتها واتفاقاتها المبرمة في داخل و خارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لاریمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکە و تێبینی جەنابتانین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەش پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ڕۆشتنبیریی ڕاتان.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

ئێمەش پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینیی هەیە لەسەر ماددەکە؟.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

(للوزیر الداخلیة) بکرێتە(لوزیر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بخوێننەوە لەگەڵ ئەو تەعدیلە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة العشرون:**

للوزیر مقاضاة المنظمة وفق احکام هذا القانون والقوانین النافذة الاخری اذا نفذت مشاریعها خلافاً لالتزاماتها واتفاقاتها المبرمة في داخل و خارج الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیستەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتی دەنگ ماددەی بیستەم وەرگیرا. ماددەی بیست و یەک.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الحادية والعشرون:**

للمنظمة فتح فروع لها في محافظات الاقلیم أو خارجه بعد موافقة الوزیر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ڕاتان؟.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لاریمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی ڕاتان؟.

**بەڕێز جـــمـــیل عـــبـــدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکە و تێبینی جەنابتانین.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حـــمـــید سلیم مـــیـــران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەش پشتگیریی لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی راتان.

**بەڕێز ظاهر مـــحـــمـــد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وا دەبینین(موافقة الوزیر) زیادەیە.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە بەڕێز کاک برهان جاف فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جـــاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە بە ڕای من پێشخستن و پاشخستنی پێویستە(للمنظمة وبعد موافقة الوزیرفتح فروع لها في محافظات الاقلیم او خارجه) زۆرسوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی یاسایی، بەڕێز کاکە رەش فەرموو.

**بەڕێز کـاکـە رەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە باش هاتییە و(موافقة الوزیر) زۆر زۆر پێویستە بە تایبەتی چونکە لە دەرەوەشی تێدایە، واتە لە دەرەوە معقول نییە لایەنێکی ئێمە رازی نەبێت لە هەمان کاتدا لقێک بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکە ڕێکخراوێکی کوردستانیە تەعامول لەگەڵ دەرەوە بکا فرعێک بکاتەوە با وەزیر بێ و، ئەو پێشخستن و پاشخستنی هیچی لێی ناگۆڕی زۆر باش هاتییە للمنظمة باعتبار یەکەم جار حەق بدرێتە ڕێکخراوەکە لقێک بکاتەوە(وبموافقة الوزیر) لەبەر ئەوە پێی ناوێ

سەرەتا بلێی(وبموافقة الوزير) با ڕێکخراوەکە مومارەسەی حق بکا بەس (بموافقة الوزير) لەبەر ئەوەی دەقی ماددەکە زۆر زۆر جوان هاتییە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الحادية والعشرون:**

للمنظمة فتح فروع لها في محافظات الاقليم او خارجه بعد موافقة الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و یەک بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی ئەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... یەک دەنگ پەسندی نەکرد بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا. باشە ئەوەی پەسندی نەکرد، پەسندی ماددەکە ناکا یان پەسندی پاش و پێشی ناکا، چونکە پاش و پێشەکە هیچ لە ماددەکە ناگۆڕێ .فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من ووتم پاش و پێشی ماددەکە بوو(للمنظة وبعد موافقة الوزير) بۆ لایەنی داڕشتنەکە بوو بۆ ناوەڕۆکی ماددەکە نەبوو، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە فەرموو ماددەی بیست و دوو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**المادة الثانية والعشرون:**

يتم تنظيم شؤون المنظمات الحكومية الاجنبية المتواجدة في الاقليم بقانون خاص أو بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان؟.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لاریمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکە و تێبینی جەنابتانین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە راتان؟.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەش پشتگیریی لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیریی راتان؟.

**بەڕێز ظاهر محمد إبراهیم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هیچ تێبینییمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بە گشتی پرسیار دەکەم چۆن تێبینییتان نییە لەسەر ماددەکە یان لەسەر یاساکە، یان بە قانون یان بە نیزام چۆن ئەبێ قانون ئەڵێ دەبێ وا بکرێ، فەرموو کاک إبراهیم سعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەمە پرۆژەی قانونی رێکخراوی غەیرە حکومی کوردستانیە نازانم بۆچی ئەم ماددەیە لێرە هەبێت کە پەیوەندیی بە رێکخراوەکانی بیانیی هەیە دەڵێین لە پاشەرۆژدا بە قانون یان بە نیزام بۆیان دەربێت وجودی بۆ چییە واتە چ پەیوەندییەکی بەم بابەتەوە هەیە لەبەر ئەوەی هەر نییازمان وایە قانونەکی بۆ دەربکەین یان نیزامەک بۆی دەربچێت بڕوا ناکەم چ مانایەکی تێدابێتن وجودی ئەم ماددەیە لەم قانونەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ڕاستە، لیژنەی یاسایی ئەگەر هیچ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەکە بە پێویست دەزانین بە راستی، لەبەر چی بە پێویستی دەزانین؟ چونکە(قانون

الجمعيات)مان كە تەشریع كرد دەقێكمان دانا گوتمان جمعياتی كوردستانی بە یاسایەكی تایبەت چارەسەر دەكرێ رێكخراومان هەیە غەیری كوردستانیە لێرە ئیش دەكەن كە ئیش دەكەن دەبێ یاسایەک هەبێ چارەسەری کێشەکەیان بکا، ئێستا ئێمە بابەتەکە بە گوێرەی ئەو ماددەیە تەرک کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکی نارد پرۆژەکی یاسایی و، لێرە گفتوگۆ دەکرێ و برادەران و ئەندامانی بەرێز بریاری لەسەر دەدەن و قسەی لەسەر دەکرێ و، ئەگەر پێیان مەعقول بوو بە شتێكی كورت بە نیزامەك چارەسەر دەكرێ هەر وەکو خۆیان دەسەلاتی دەرکردنی ئەنزیمەیان هەیە بە نیزامەک چارەسەری بابەتی رێکخراوەکان دەکا، لەبەر ئەوە ئیشارەت پێدانی پێویستە نەوەکو ئەو رێکخراوە بیبیانییانەی کە لێرە ئیش دەکەن بلێن ئەو یاسایە دەیانگرێتەوەو موراجەعە بکەن و ئیلتیباسەک دروست بکات هەروەک بۆ کوردستانییەکان یاسا دەرچوو بۆ ئەوانیش پێویستە نیزامەک یانیش یاسایەکی تایبەت دەربچێ بۆ ئەوەی ئیش وکارەکانیان رێک وپێک بن، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاک فرست فەرموو.

**بەرێز فرست أحمد عبداللە:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.

صیاغەتی ماددە بە شێوەیەکی وا هاتووە تردیدی تێدایە لە نێوان دوو حاڵەت: نیزام یان یاسا، بە رای من لە دوو شت نابێ تردید بکرێت، یەک لە بریارەکانی دادگاکان، دوو لە یاساکان، دەبێ حەسم بکرێت یان یاسا یاخود نیزام بۆ ئاسان کردن لەوانەیە ئەگەر نیزام بێت باشترە زووتر دەرئەچێت بارو دۆخێکی کاتیە لەوانەیە باشتر بێتە چارەسەر کردن، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەرێز عبدالعزیز طیب/وەزیری پەروەردە.**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش تەئیدی قسەکانی کاک فرست دەکەم بە تەقدیری من، چونکە قانون ئەوەندە هەر یەکێ گرێ دای ولاتی خۆیەو، هەریەکە طبیعەتی کاری تایبەتی خۆی هەیە زۆر زۆر زەحمەتە تۆ تەقید کەی بە قانونێکی کوردستانی واتە عەمەلییەکە ئاسان نییە چونکە رێکخراوەکان زۆرن و هەریەکە طبیعەتی کاری جیاوازە ئەو کاتە ئەگەر ئێمە یاسایەک دەربکەین کارەکەی تەقیید ئەکەین و لەوانەیە وای لێ بکەین هەندێک رێکخراو دێنە کوردستان ئێمەش هەردەم دەبێ هانی رێکخراوەکان بدەین هەر چەند لە کوردستان زۆر بن بۆ کێشەی ئێمە باشترە، بە رای من ئێمە با دەسەلات بدەینە ئەنجومەنی وەزیران بە نیزام تەعامول لەگەڵ رێکخراوەکان بکات رێکخراوە بیانیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم یاسایە لە لایەن خودی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە دەقەکەشی پێم وایە دوای ئەوەی کەوا ئەو تێبینییە پیشان درا زۆر ڕێک وپێک دەرئەچێ لە جیاتی تەنها یاسایەکە لابدرێ وبکرێ بە(یتم تنظیم المنظمات المتواجدة في الاقليم بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء) واتە بە نیزام بێ باشترە ئەگەر پێویستی کرد ئەو کاتە یاسا دەربچێت، بەڵام ئێستا نیزامەکەی بەسە، هەروەکو چۆن جەنابی وەزیری پەروەردە ئەو پێشنیارەی کرد ببورن جەنابی سکرتێری پەرلەمان پێشنیاری کرد بەو شێوەیە بێ زۆر زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر مەسەلەی نیزام یان یاسا، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی بوونی ئەم ماددەیە گرنگە بە ڕای منیش قانونی ئەنجومەنی وەزیرانیش زیاتر پەرلەمان دەری دەکات بە نیزامی تایبەت دەردەچێت، بەڕای من مادەکەشی بۆ دیاری بکرێ چونکە ئەم کێشانە زۆر لە یاساکان دوادەخرێ و،ئێستا هەندێک یاسامان هەیە ئەو ئیشارەتانەمان بۆی کردووە ئەوە هەشت ساڵە لە پەرلەمان نۆ ساڵە هەتا ئێستا قانوونمان دەرنەکردووە یان نیزامان دەرنەکردووە لەبەر ئەوە من لە ماوەی شەش مانگ بە مەعقولی دەزانم کە ئەنجومەنی وەزیران کێشەی ڕێکخراوەکانی بیانیش چارەسەر بکا بە مرونەتیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە پێویستە، یا یاساییە، یا نیزامە، شتی لاوەکی بۆ نەدۆزرێتەوە، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم بابەتە زۆر باس کرا، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی مرۆڤایەتی و لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکانیشدا زۆر دانیشتنمان کردووە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان، ئەوان زۆر بە پێویستیان دەزانی کەوا یاسایەک دەرچێت بۆ ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوە بیانییەکان و، ئەم یاسایە ئازادییەکی بێ سنوور بداتە ئەوان ئەگەر مرونەتیش بێت، تەجاوب لەگەڵ بارودۆخی ئەوان بکات، جا ڕای هەموویان ئەوەیە کە یاسایەکی کراوە دەرکرێت بۆ هاوکاری کردنی ئەوان و، ئیشی ئەوان ئاسان تر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەکاتی گفتوگۆ کردندا زۆر شت دەردەکەوێت، بەڵام لە رووی عەمەلییەوە چ یاسا بێت، یا نیزام هیچی جێبەجێ ناکرێت، رێکخراوێکی بیانی بارەگای سەرەکی لە دەرەوەیە و، لقێکی لێرەیە ئێمە چۆن دەتوانین بەسەر ئەو رێکخراوەدا یاسا بسەپێنین و، چۆن دەتوانین نیزامی بەسەردا فەرز بکەین، من لەگەڵ ئەو دەقەدا نیم، جا چ بە یاسا و چ بە نیزام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان من بۆتی روون دەکەمەوە، مەبەست ئەوە نییە کە ئەو رێکخراوە بیانییانە بە پێی ئەو یاسا و نیزامەی کە ئێمە دایدەنێین ئیش بکەن، بەڵکو بەسەر رێکخراوەکانی خۆماندا جێبەجێی دەکەین، بەڵام پێویستە هەندێ لایەنی ئیشیان لێرە رێکبخرێت، نەک لایەنی مەرکەزییان، بۆ نموونە لێرە چۆن ئیش ئەکات، یا چۆن دەور و تەسلیم ئەکات، یا چۆن هەڵسوکەوت بە پارە ئەکات، ئەم شتانە بە نیزام رێکخستنی ئاسان ترە، چونکە بە نیزام ئەتوانین لەگەڵ رێکخراوەکاندا دانیشی و کۆبوونەوەشیان لەگەڵدا بکەین و نیزامێکی وایان بۆ دانەین کە ئیشەکەشیان ئاسان بکات و، لە هەمان کاتیشدا کارەکانیان رێک بخات، بەڕێز کاک إبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تێبینییەکەی کاک شێروان لە جێی خۆیەتی، چونکە ئەگەر رێکخراوێک مەرکەزی لە دەرەوە بێت و، لقێکی لێرە بێت ئێمە ناتوانین چارەسەری بکەین، بەڵام ئامانج لە دانانی ئەو ماددەیە مەبەستی رێکخراوی بیانی نییە کە لێرە ئیش دەکەن، چونکە یاسایەک، یا نیزامێک بۆ رێکخراوی بیانی دابنێین، پێویست ناکات لە میانی ئەم یاسایەدا داینێین، چونکە ئەو رێکخراوە ناحکومیانە دەسەڵاتیان هەیە کەوا لق بکەنەوە لە دەرەوەی کوردستان، ئەو لقانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دادەمەزرێن ئەگەر لەگەڵ ئەو رێکخراوە ناحکومیانەی کە لە دەرەوەن رێککەوون بۆ ئەوەی هاوکاری کوردستان بکەن، وابزانم ئەم نیزامە ئەگەر بۆ ئەوانە ئەوە جائیزە، بەڵام ئەگەر بۆ رێکخراوە بیانییەکانە کە ناحکومین، یان سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانن ئەوانەی کە لێرە ئیش دەکەن لە میانی ئەو یاسایەدا یاساو نیزامیان بۆ دەرکەین جێگای خۆی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.إدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بەو ڕێکخراوە خێرخوازانەی کە لێرە لە کوردستان ئیش ئەکەن زۆر پێویستە کەوا کاروباریان ڕێکبخرێت، من وا پێشنیار دەکەم (یتم تنظیم شؤون المنظمات الاجنبیة المتواجدة في الاقلیم من قبل رئاسة مجلس الوزراء) هەندێ جار ڕێنمایی دەردەچێت بۆ ڕێکخستنی کاروباریان، مەرج نییە یاسایەک، یا نیزامێکیان بۆ دەرچێت، با بۆ ئەم قۆناغە بەم شێوەیە بێت، پاشان ئەگەر گەیشتنە قەناعەت ئەوە یاسا، یا نیزامێکیان با بۆ دەرچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی ئەو بۆچوونەی کەبەڕێز جەنابی سکرتێر بۆی چوو، ڕاستە دەبێت یەکێکیان دیاری بکرێت، بەرای ئێمەش هەر وەکو جەنابی وەزیری پەروەردە بۆی چوو نیزام ئاسان ترە، چونکە مرونەتی زیاترە و دەتوانرێ گۆڕانکاریی تیادا بکرێت و، هەرکاتێ هەستیان کرد بە بوونی کێشەیەک لە ڕێکخراوێک دەتوانن بیگۆڕن، بەڵام نیزام هەر ئەبێت هەبێت، ئەو بەڕێزانەی کە دەڵێن ڕێکخراوێک بارەگای سەرەکی لە دەرەوە بێت چۆن یاسا و نیزامی بەسەردا دەسەپێنرێت، هەر لقێک لە هەر جێگایەک ئیش بکات ئەبێتە بنکەی سەرەکی سەبارەت بەو ڕێکخراوە لە و جێگایەدا، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت وەکو بنکەی سەرەکی، لێرەش ئامانجی ڕێکخراوەکان ئامانجێکی مرۆییە و، ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان پەیوەندییەکی تایبەتی خۆیان هەیە بە مەرکەزی خۆیانەوە و، پەیوەندییان بەو ڕێکخراوانەوە نییە کە ناحکومین و خێرخوازن ولێرەدا کار دەکەن، ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری «٩٨٦» لێرەدا ئیش دەکەن، بەڵام ئەوانی تر ڕێکخراوی بیانی خێرخوازن، چەند کەسێکی بیانی ڕێکخراوێکی خێرخوازیان دامەزراندووە و هاتوونەتە کوردستان و ئەیانەوێت خزمەت بکەن، نیزام تەنها بۆ مرونەتی ئیشوکاری ئەوانە و بۆ پاراستنی ئەوانە، ئەبێت وەزارەتی ناوخۆ زیاتر ئاگاداری ئەوان بێت و، ئەوانیش زیاتر خازعی نیزامن، ئەگەر بۆچوونی ئێمە وابێت کە ناتوانین یاسایان بەسەردا بسەپێنین و، لە خەڵکی ئێمە زیاتر پابەندی یاساکە دەبن کە بزانن لە وڵاتێک یاسا ڕەچاو دەکرێت، لەبەر ئەوە ئەو دەقەی کە هاتووە زۆر پێویستە و، ئەگەر جەنابی سەرۆک بوارم پێ ببەخشێ دەقەکە بخوێنمەوە ولەوانەشە مەبەستەکە بپێکێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز عـــبـــدالكريم سنجـــاری/وەزیری نـاوخـــۆ:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

به رای من وشەی «غیر الحکومیه» بخرێتە سەر «یتم تنظیم شؤون المنظمات الاجنبیه»، دووەم من پشـتـگیـریی لە رایەکـەی کـاک فـرست و ئەندامـان دەکـەم کـە بـکرێت بە نیـزام و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچێت، بەراستی ئەگەر یاسا بێت، یاسا تەقییدمان دەکات و هەندێ جار تووشی شەرمەندەییمـان دەکات و، ئێمە وەکو حکومەت ناتوانین دەسکاریی یاسا بکەین بەبێ رەزامەندیی پەرلەمان، کە ئەویش دەبێت پرۆژەیەک بنووسرێت بۆ پەرلەمان و تا دەچێت و دێتەوە چەند مـانگێکی پێ دەچێت، واتە رۆتینێکی زۆر گـەورەمـان بۆ دروست دەکـات، بەڵام ئەگـەر پرۆژەی نیزام بێت و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت ئیشمان ئاسان تر دەکات، سروشتی کاری ئەم رێکخـراوانەش لە یەکـتـر جیـاوازن، یەکـێکیـان هاوکـاری منداڵان دەکـات، ئەویتـر خـەریکی دروست کردنی قـوتابخانەو ئەو جۆرە شتانەیە، واتە کاری ئەمانیش جیاوازە، بۆیە ئەگـەر بە نیزام بێت بۆ ئێمە ئاسانترە، بەراستی ئێمە وەکو حکومەت تووشی کێشە بووینە لەگەڵ رێکخراوەکان، رێکخـراوێک دێت دەیەوێت بنکەیەکی تەندروسـتی دروست بکات، ئەبێت ئەو رێـکخـراوە بێت لەگـەڵ وەزارەتی تەندروسـتی هەمـئـاهەنگی بـکات، کە ئەو بـنکە تەندروسـتـیـیە لە کـوێ دروست بـکات، رێکخـراو هەیە بنکەی تەندروسـتی و قـوتابخـانەی دروست کـردووە لە جـێگـایەک کـە پێویستی پێ نەبووە، بۆیە بەرای من بە نیزام دیاری بکرێت باشترە لە یاسا، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش ماددەی «٢٢» بخوێنەرەوە تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقــشــبندی:**

المادة الثانية والعشرون:

يتم تنظيم شؤون المنظمات الانسانية غير الحكومية الاجنبية المتواجدة في الاقليم بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقــشــبندی:**

المادة الثانية والعشرون:

يتم تنظيم شؤون المنظمات الانسانية غير الحكومية الاجنبية المتواجدة في الاقليم بنظام يصدر من قبل رئاسة مجلس الوزراء.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم ماددەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس..

کێ پەسەندی ناکات؟ تەنها یەک دەنگ پەسەندی ناکات، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٢٣» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثالثة والعشرون:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ ماددەی «٢٣» پەسەند کرا، ماددەی «٢٤» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة والعشرون:

لوزير الداخلية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، کێ ئەم ماددەیە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ ماددەی «٢٤» پەسەند کرا، ماددەی «٢٥» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة والعشرون:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، کێ ئەم ماددەیە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ ماددەی «٢٥» پەسەند کرا، ماددەی «٢٦» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة السادسة والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، کێ ئەم ماددەیە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ ماددەی «٢٦» پەسەند کرا، «الاسباب

الموجبة» فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

الاسباب الموجبة

من مقتضيات مصلحة شعبنا و حقوقه المشروعة في ان تكون له منظمات في مجال الاغاثة والاعمار وخاصة في المرحلة التي تمر بها تجربتنا الديمقراطية وبغية افساح المجال للمنظمات الكوردستانية للمساهمة من خلال تقديم خدمات ومشاريع ومساعدات لبناء الاقتصاد الوطني وللاستفادة من خبرات وطاقات كافة شرائح المجتمع وبناءاً على ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا هەموو پرۆژەكە دەخەینە دەنگدانەوە، پرۆژەی یاسای رێكخراوە كوردستانییەكان بۆ ئاوەدان كردنەوە و فریاكەوتن، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لە گەڵ هەموو یاساكەن دەستیان بەرزكەنەوە.. سوپاس.. كێ هەموو یاساكە پەسەند ناكات؟. یاساكە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هاوكاری هەموو لایەكتان دەكەم، لێرەدا كۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین و، دانیشتنی داهاتوومان سبەی كات «١٠»یە، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**